کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٦ - گەلاوێژی ١٤٠٥ - August ٢٠٢٦



## کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧، جینایەتێک لەژێر سێبەری شەڕدا




ئەزیەت و ئازاری بەهاییەکان، زامێک بە جەستەی کۆمەڵگەی ئێرانەوە
ل٣



کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا، چۆن لە هەردوولای ململانێکەوە خەڵکیان تووشی برسییەتی کردووە؟ منداڵان
ل٤



قەیرانی هاوسەرگیری لە ئێران، کاتێک بڕیارێکی ئینسانیی دەبێتە مەترسییەکی ئابووری
ل٥



کۆڵبەری؛ گێڕانەوەیەک لە هەژاری، نادادپەروەری و مەرگ
ل٦

دەرمان، شەڕ و بێباکی بەرامبەر بە ژیانی مرۆڤەکان ل٦

سەرکوت لەژێر سێبەری شەڕدا_ سەبارەت بە شەپۆلی نوێی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی ل٧

ڕۆژی جیهانیی لاوان و باری گوزەرانی لاوان لە ئێران ل٧

خانەنشینانی ئێران، پەرەسەندنی هەژاری و دەنگی ناڕەزایەتی ل٨

پەرەسەندنی ئاڵوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر لە نێو خوێندکاران لە ئێران ل٩

هەژاریی لەڕادەبەدەر و پێویستیی هاوپشتیی کۆمەڵایەتی لە ئێران ل١٠

هەڵمەتی دژی گەندەڵی - عوسمان حاجی مارف ل١١

شازدەی گەلاوێژ، بیرهێنەرەوەی هێزی جەماوەر و پێویستیی مانگرتنی سیاسیی گشتی ل١٢

«زەماوەندی خوێن» ـ سەلام قادری ل١٣


## سەروتار

### بەیانیەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## بە بۆنەی ساڵیادی فەرمانی جیهادی خومەینی لەدژی خەڵکی کوردستان

لە کاتێکدا لە ساڵیادی هێرشی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە گەلاوێژی ١٣٥٨دا نزیک دەبینەوە کە کۆمەڵگەی ئێران هێشتا بەدەست زامی دوو ڕووداوی گەورە و پڕئازارەوە دەناڵێنێت: شەڕیماڵوێرانکەری نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا و کۆمەڵکوژیی جینایەتکارانەی هەزاران خۆپیشاندەر لە بەفرانباری ڕابردوودا. ئەم دوو ڕووداوە زامێکی قووڵیان خستووەتە سەر جەستەی کۆمەڵگەی ئێران، بەڵام لە هەمان کاتدا، خەڵک ئەزموونی زۆر بەنرخیان لێ وەرگرتووە، ئەزموونێکی کە بەداخەوە باجێکی قورسی لەپێناودا دراوە. ئازادی دیارییەک نییە کە دوژمنانی خەڵک، لە هیچ بەرەیەک لە دوو لایەنی ئەم شەڕە، دوودەستی پێشکەشی خەڵکی ئێرانی بکەن. سەرکەوتنی شۆڕش بەستراوەتەوە بە هەبوونی ستراتێژییەکی ڕوون، ڕێکخراوبوون، ڕێبەریی و حەرەکەتی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سەرکەوتن. ئەوەی کە تایبەتمەندی دەبەخشێت بە بزووتنەوەی کوردستان، کە ئەمڕۆ لە سەروبەندی ساڵیادی یەکێک لە خوێناویترین دیمەنەکانیدایین، هەر ئەمەیە: شکڵگرتنی بنەماکانی ستراتێژی، ڕێکخراو، ڕێبەریی، و هەنگاوی شلگیر و بەردەوام بەرەو سەرکەوتن.

### هێرشی ٢٨ی گەلاوێژ؛ ئەڵقەیەک لە پڕۆژەی سەرکوتی شۆڕش

هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا ڕووداوێکی لەناکاوی و بێ پێشینە نەبوو. ئەم هێرشە بەشێک بوو لە پڕۆژەیەکی بەربڵاوتر بۆ سەرکوتی شۆڕشی ئێران، بەشێکی لەلایەن ڕژێمی شاوە جێبەجێ کرا و درێژەی ئەو سەرکوتە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی گرتیە ئەستۆ. پڕۆژەیەکی کە هەر لە دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕەوتی ئیسلامییەوە خرایە دەستووری کارەوە. لە کۆتاییەکانی ڕەشەمەی ١٣٥٧ و سەرەتای خاکەلێوەی ١٣٥٨، بە فەرمانی فەرماندەکانی پادگانەکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕژێمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو، لە مەهاباد و سنە خەڵک درایە بەر دەستڕێژی گوللە. لە مەهاباد بیست کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆ گیانیان لەدەست دا و لە سنەش نزیکەی دووسەد کەس بەهۆی تۆپبارانەوە کوژران.

ڕژێمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو لەم قۆناغەدا هەوڵی دا بەشێک لە هێزە کۆنەپەرستە ناوچەییەکانیش لەگەڵ خۆی هاوڕا بکات. چەکدارکردنی دەرەبەگ و عەشایەرەکان و ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی پێکهاتەیەک بە ناوی «شورای عەشایەری کوردستان»، و بەهێزکردنی ڕەوتی ئیسلامی بە ڕێبەریی ئەحمەد موفتیزادە لە سنە، لە زومرەی ئەو هەنگاوانە بوون کە زەمینەی هێرشە بەرینەکەیان خۆش دەکرد.

لە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا ڕژێم شەڕێکی خوێناویی لە نێوان خەڵکی تورک و کورد لە نەغەدە هەڵگیرساند و پاسدارانی ژێر فەرمانی مەلا حەسەنی بەمەبەستی کۆمەڵکوژی و تاڵان و بڕۆ ڕەوانەی ئەم ناوچەیە کرد. لە ٢٣ی پوشپەڕی هەمان ساڵدا، پاسداران لە مەریوان خەڵکیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئاکامدا بیست و چوار کەس گیانیان لەدەست دا و دەیان کەسیش بریندار بوون. لە سنەش بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی جێگیر لەناو شار چەند کەسێکی دیکە گیانیان لەدەستدا.

بەڵام بە پێچەوانەی زۆرێک لە ناوچەکانی دیکەی ئێران، سەرکوت لە کوردستان لەگەڵ بەرگرییەکی بەربڵاو و ڕێکخراودا بەرەوڕوو بووەوە. خەڵکی کوردستان ڕیفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەیان بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی بایکۆت کرد. مانگرتنی یەک مانگەی شاری سنە بەمەبەستی دەرکردنی پاسداران لەناو شار، کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان بە هەمان ئامانج، ڕێپێوانی درێژخایەن لە سنەوە بۆ مەریوان، و دەیان حەرەکەتی جەماوەریی دیکە، سەرجەمیان سەلماندیان کە کوردستان ئامادە نییە تەسلیمی دەسەڵاتی ڕژێمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو بێت. کۆمەڵە کە بەدروستی پێشبینی هێرشی بەربڵاوتری ڕژێمی کردبوو، لەم دەرفەتەدا هەوڵی دەدا خەڵک بۆ بەرگرییەکی درێژخایەن و چارەنووسساز ئامادە بکات.

درێژە لە لاپەڕەی ٢ ⬅



⬅ درێژەی سەروتار

## بۆچی کوردستان ڕێگەیەکی دیکەی گرتەبەر؟

ڕەوتی ئیسلامی کە بۆ چەندین سەدە وەک دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتدا کاری کردبوو، دوای ڕووخانی ڕژێمی شاە لە ڕێگەی تۆڕی بەربڵاوی مزگەوت و مەلاکان لە سەرانسەری وڵات، لە سەرچاوەیەکی دارایی زۆر و ڕێبەرییەکی یەکگرتوو بەهرەمەند بوو. بە بێلایەنبوونی ئەرتەش، ئەم ڕەوتە توانی سەرجەم پایەکانی دەسەڵاتی ڕژێمی پێشوو بگرێتە دەست و پێکهاتە تێکشکاوەکانی سەردەمی شۆڕش بە خێرایی بونیاد بنێتەوە. نە لیبراڵەکانی سەر بە جەبهەی میللی توانییان متمانەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەدەست بهێنن، و نە هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، بە هۆکاری جۆراوجۆر، دەرفەتی کۆکردنەوەی هێز و توانای کۆمەڵایەتیی خۆیانیان بەدەستهێنا. تەنیا لە کوردستان بوو کە ئەم ڕەوتە بەپێی نەخشەی ڕەوتی ئیسلامی بەرەوپێش نەچوو و ئەم ناوچەیە چارەنووسێکی جیاوازی هەڵبژارد.

## هێرشی ٢٨ی گەلاوێژ، دەستپێکی شەڕێکی بەتەواو مانا

پێش لە هێرش بۆ سەر کوردستان، خوێندکاران لە زانکۆکان سەرکوت کران، بزووتنەوەی تورکمەن‌سەحرا خڵتانی خوێن کرا، نارەزایەتییەکانی خوزستان بە شێوەیەکی بێبەزەییانە سەرکەتکران، و کرێکاران لە بەندەر ئەنزەلی و ئیسفەهان درانە بەر دەسترێژی گوللە. بەڵام ڕژێم بۆ سەرکوتی کوردستان پێویستی بە ئامادەکاریی زیاتر بوو، و هەر بۆیە هێرش بۆ سەر ئەم ناوچەیە بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی وڵات، درەنگتر ڕوویدا.

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، ڕژێم کە خۆی بۆ سەرکوتی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان ئامادە کردبوو، هێرشەکەی لە دوو بەرەی ئورومیە و کامیارانەوە دەست پێکرد. لە هەر دوو بەرەکەدا، هێزەکانی پێشمەرگە بەرگرییەکی قارەمانانەیان لە خۆیان نیشان دا. ڕژێم توانی بە باڵادەستیی هێزی ئاسمانی و تۆپخانە شارەکان داگیر بکات، بەڵام کۆمەڵە بە بڵاوکردنەوەی بەیانیەی "خەڵکی کورد لە کوانووی تاقیکردنەوەدا"، خەڵکی کوردستانی بۆ بەرگرییەکی هەمەلایەنە بانگهێشت کرد. ئەم بانگەوازە لەگەڵ پێشوازییەکی بەربڵاو بەرەوڕوو بووەوە، بڵێسەی خەبات لە هەر لایەکی کوردستانەوە بەرز بووەوە. هێرشە لەناکاواکانی پێشمەرگە لە لایەک و نارەزایەتی بەردەوامی جەماوەر لە لایەکی دیکەوە، لە ماوەی سێ مانگدا هاوسەنگیی هێزی بە قازانجی خەڵک گۆڕی و ڕژێمی ناچار بە پاشەکشە، قبووڵکردنی ئاگربەست و هاتنەسەر مێزی دانوستان کرد.

## گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە و ئەزموونی دەسەڵاتی جەماوەری

گەڕانەوەی سەرلەنوێی هێزی پێشمەرگە بۆناو شارەکان و پێشوازیی شکۆداری خەڵک لێیان، بەکردەوە شکستی هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ڕاگەیاند و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی هێنایە ناو قۆناغێکی تازە لە خەبات و خۆڕاگریی. خەڵک، بەتایبەت گەنجان، داهێنەرانەترین شێوازەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتییان بەکار هێنا و لە زۆرێک لە شوێنەکانی کوردستان کۆمەڵگەیان بە شێوازێکی تەندروست و دیموکراتیک بەڕێوە برد. ئاسایشی گەڕەکەکان بە بەشداریی جەماوەر دابین کرا، دابەشکردنی خۆراک و پێداویستییەکانی خەڵک ڕێکخرا، خزمەتگوزاریی پزیشکی و دەرمانی دەستی پێکردەوە، قوتابخانە و ئیدارەکان درێژەیان بە کار و چالاکییەکانیانی خۆیاندا و ڕەوشت و ڕەفتارێکی مرۆڤانە و شۆڕشگێڕانە پەرەی سەند. هەر لەم سەردەمەدا "هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد" پێکهات و بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستانی لە ئارایشێکی نیمچەبەرەییدا گرتە ئەستۆ.

## ئامادەکاری بۆ هێرشی دووەم، و خۆڕاگریی درێژماوە

لە ماوەیەکی کەمتر لە سێ مانگدا، ڕژێم بەردەوام سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ هێرشێکی دیکە. کۆمەڵە، سەرەڕای کارشکێنییە ناوخۆییەکان، هەوڵی ئامادەکردنی بیروڕای گشتی دەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەری هێرش و پەلامارەکانی ڕژێم. کۆماری ئیسلامی لە دانوستانی ڕاستەقینە لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان خۆی دەدزییەوە و بە مانۆڕی فریوکارانە کاتی بۆ خۆی دەکڕی. سەرەنجام لە خاکەلێوەی ١٣٥٩دا، هێرشی دووەم لە بەرەی کامیاران-سنەوە دەستی پێکرد. ڕژێم هیچ سەنگەرێکی بەبێ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ خۆڕاگرییەکی قارەمانانە بە دەست نەهێنا، خۆڕاگرییەکی کە چەندین ساڵی خایاند و ڕژێمی لە کوردستان زەمینگیر کرد. ئەگەرچی ڕژێم سەرەنجام باڵادەستیی نیزامی بەدەست هێنا، بەڵام هەرگیز نەیتوانی خەڵکی کوردستان ناچار بە تەسلیمبوون بکات.

## دەستکەوتەکانی دەسەڵاتی شۆڕایی

سەرەڕای جیاوازییە ناوچەییەکان و دەرفەتی کورتماوە، خەڵکی کوردستان بۆ یەکەم جار دەسەڵاتێکی لە خوارەوە، واتە دەسەڵاتی شۆڕاییان ئەزموون کرد، دەسەڵاتێکی کە بەکردەوە ئیمکانی ئازادییە سیاسییە بێ شەرت و مەرجەکانی ڕەخساند. پاشماوەکانی سیستەمی دەرەبەگی لەناوچوون و زەوی کەوتە دەست ئەو کەسانەی کە کاریان لەسەر دەکرد. ژنان لە ئاستێکی بەربڵاودا هاتنە ناو گۆڕەپانی چالاکیی کۆمەڵایەتی. تۆوی پەروەردە و ڕاهێنانێکی پێشکەوتوو چێنرا، و خەڵک بۆ یەکەم جار هەستیان کرد ئیتر ژێر باری چەوسانەوە و جیاکاریی نەتەوەیی نین. خۆڕاگرییەکی کە دواتر لە بەرامبەر هێرشی ڕژێمدا هاتە ئاراوە، لە ڕاستیدا بەرگری بوو لەم دەستکەوتانە.

## کەموکوڕییەکان و وانە مێژووییەکان

گرنگترین کەموکوڕیی ئەو سەردەمە، بریتی بوو لە کەمیی ئەزموون و دەرفەت بۆ پەروەردەکردنی کادیرگەلێکی بەتوانا و لێهاتوو بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. کۆمەڵگەیەکی کە دەیان ساڵ لەژێر دەسەڵاتی سیستەمی پاشایەتیدا سەرکوت کرابوو، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکوڕییانە کات پێویست بوو. زاڵبوونی کەشوهەوای شەڕ بەسەر کوردستاندا، خەباتی چەکدارانەی بە ناچاری لە سەرووی شێوازەکانی تری خەباتدا دانا و دەرفەتی پێویست بۆ قووڵکردنەوە و گەشەپێدانی ئەم دەستکەوتانە نەڕەخسا.

گرنگترین و یەکلاکەرەوەترین وانەی ئەم ئەزموونە ئەوەیە کە نابێت لە هیچ دەرفەتێک بۆ کاری ڕێکخستنی شۆڕاکان لە ناوەندەکانی کار و ژیاندا غافڵ بین. لەگەڵ هەڵکردنی یەکەم شنەبای ئازادی، خەڵک دەبێت دەسەڵاتی خۆیان لە خوارەوە دابمەزرێنن. ئەزموونی شۆڕای گەڕەکەکانی سنە، ناسراو بە "بنکەکان"، لەم بوارەدا زۆر وانەبەخشە. پێویستە هەر لە پێشترەوە بەرنامەڕێژی بکرێت بۆ وەڵامدانەوەی خێرا بە پێداویستییە ئابوورییەکانی خەڵک، دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گیروگرفتە ئابوورییەکان و پووچەڵکردنەوەی ئاژاوەگێڕییە نەتەوەیی و ئایینییەکان نەخشەڕێگایەکی ڕوون ئامادە بکرێت، و بەرپرسانە بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوەیی هەوڵبدرێت. رادیکالیزمی ڕاستەقینە تەنیا لەم بوارانەدا مانا دەبەخشێت، نە بە گێڕانی ڕۆڵی حزبێکی توندڕەوی بە ناو کرێکاری. هەمووی ئەم دیاردە و ئەزموونانە لە مێژووی چڵ و حەوت ساڵەی کۆمەڵە و کۆمەڵگەی کوردستاندا دەبینرێن.

## لە شۆڕشی ژیناوە تا ئەمڕۆ، درێژەی نەریتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان

لەم ساڵانەی دواییدا، کوردستان شاهیدی گەلێک حەرەکەتی پێشکەوتوو و کۆمەڵایەتی بووە کە نیشان دەدات کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە قووڵایی کۆمەڵگەدا ڕیشەی داکوتاوە و لە گەشەکردندایە. شۆڕشی شکۆداری ژینا نموونەیەکی زیندووی ئەم بەردەوامییەیە. خۆپیشاندانی بەربڵاوی سەرشەقامەکان، مانگرتنە سیاسییەکان، داهێنانە جەماوەری و مەدەنییەکان لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا کە لەم یەک ساڵەی ڕابردوودا شاهیدیان بووین، هێمای درەوشاوەی زیندووبوونی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و جەماوەریین.

بەڵام شۆڕشی ژیناش ڕووداوێکی بێ زەمینە و بێ پێشینە نەبوو. مانگرتنی گشتی بۆ پشتیوانی لە کۆڵبەران، هاوپشتیی بێ وێنەی خەڵک لە بوومەلەرزەکەی کرماشان، حەرەکەتی بەرینی جەماوەریی بۆ ڕێزلێنان لە شۆفێری گیانبەختکردوو لە پرۆسەی فریاگوزاریدا، پشتیوانیی بەربڵاو لە بزووتنەوەی مافخوازانەی ڕۆژئاوا، پشتیوانی لە خەڵکی کوردستانی عێراق لە بەرامبەر زەخت و زۆری دەوڵەتی ناوەندی، چالاکییە ژینگەییەکان، خۆڕێکخستنی درەوشاوە لە بەرامبەر پەتای گشتگیری کۆرۆنا، خۆڕاگریی ژنان لە بەرامبەر حیجابی زۆرەملێ، و بوونی ژمارەیەکی بەربڵاو لە چالاکوانانی کرێکاری و خاوەن جێگە و پێگەی سەرانسەریی، هەمووی ئەمانە بەڵگەن کە خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیتووی کوردستان نەریتە شۆڕشگێڕانەکانی خۆیان دەپارێزن و بەرەو پێشی دەبەن.

لە ئاوا هەلومەرجێکدا دەبێت بە تەواوی تواناوە هەوڵ بدرێت تا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بە کۆڵەبارێک لە ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی خۆییەوە، لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەریی خەڵکی ئێران بۆ نان و ئازادی هاوڕێ و هاوهەنگاو بێت. نابێت ڕێگە بدرێت ڕوانگە بەرتەسک، خۆپارێزانە یا ناسیۆنالیستییەکان، وا نیشان بدەن کە خەبات و نارەزایەتییە مافخوازانە و سەرانسەرییەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە خەڵکی کوردستانەوە نییە. پێویستە هەموو توانا و پۆتاسێلە دیار و نادیارەکان بەکار بهێنرێن. شۆڕشی ژینا هەتا ئێستا ڕێگەکەی نیشان داوە. دەبێت لە ئەزموون و کەموکوڕییەکانی ئەم شۆڕشە وانە وەربگرین، بە کەمترین هەزینە زۆرترین دەستکەوت بەدەست بهێنین و ڕێگەی سەرکەوتن هەنگاو بە هەنگاو خۆش بکەین.

لە ساڵیادی ٢٨ی گەلاوێژدا یادی سەرجەم ئەو گیانبەختکردووانە بەرز ڕادەگرین کە لە سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی ئەم خەبات و خۆڕاگرییە سەربەرزانەیەدا گیانی خۆیانیان لە ڕێگەی ئامانجە بەرزەکانیاندا بەختکرد و درێژەی ڕێگەکەیان تا سەرکەوتنی کۆتایی بە ئێمە سپارد.

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) ٢٦ی گەلاوێژی ١٤٠٥**

********

# کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧، جینایەتێک لەژێر سێبەری شەڕدا



هاوین و خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ لە زومرەی تاریکترین وەرزەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، وەرزێکی کە تێیدا هەزاران زیندانیی سیاسی، لە کاتێکدا کە زۆربەیان لەقۆناغی تێپەڕاندنی ماوەی سزاکەیاندا بوون یان تەنانەت هێشتا بە شێوەیەکی فەرمی تۆمەتەکەیان پێڕانەگەیەندراوبوو، بە نهێنی لەسێدارە دران. ئەم جینایەتە دوای قبووڵکردنی ئاگربەست لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا ڕووی دا، شەڕێکی کە زیانێکی مادی و مرۆیی قورسی بەسەر هەردوو وڵاتدا سەپاند و سەرەنجام کۆماری ئیسلامی، دوای چەندین ساڵ لە دروشمی سەرکەوتن، بە قەولی خومەینی بە «خواردنەوەی جامە ژەهر»، کۆتایی پێ هێنا.

کۆتاییهاتنی شەڕ بۆ کۆمەڵگەیەکی کە ماوەی چەندین ساڵ لەژێر بۆردومان، هەژاریی، مەرگ و سەرکوتدا ژیابوو، دەکرا ببێتە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ. خەڵک چاوەڕوانی ئەوە بوون کە ژیانی ئاسایی دەست پێ بکەنەوە و داواکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان چیتر بە بیانووی بارودۆخی شەڕەوە سەرکوت نەکرێن. بەڵام خۆشی و هیوای گشتی لە کۆتاییهاتنی شەڕ، بۆ دەسەڵاتێکی کە لە پەرەسەندنی نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکان دەترسا، وەک هەڕەشەیەکی جددی سەیر کرا. دەسەڵات لەبری وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی خەڵک، ڕێگەی چاوترسێن کردن و سڕینەوەی نەیارانی گرتە بەر.

لەسەر فەرمانی خومەینی، هەیئەتێکی پێکهاتوو لە حوسێنعەلی نەیری، مورتەزا ئیشراقی، ئیبراهیم ڕەئیسی و موستەفا پورمحەممەدی، کە دواتر بە «هەیئەتی مەرگ» ناسران، ڕاسپێردران بۆ پێداچوونەوە بە چارەنووسی زیندانیانی سیاسی. پەیوەندیی زیندانە سەرەکییەکان لەگەڵ دەرەوە پچڕێنرا و زیندانیان لە دانیشتنێکی کورت و نارووندا، نە لەسەر بنەمای دادگاییەکی دادپەروەرانە، بەڵکوو لەسەر بنەمای بیروباوەڕ و هەڵوێستە سیاسی و ئایینییەکانیان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا. لە مانگی گەلاوێژدا، کۆمەڵکوژیی ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق دەستی پێکرد و مانگی خەرمانان، شەپۆلی لەسێدارەدانەکان گەیشتە زیندانیانی کۆمۆنیست و نەیارە سیاسییەکانی تر. سەبارەت بە بیروباوەڕی ئایینی، نوێژکردن، باوەڕبوون بە خودا و هەڵوێستیان بەرامبەر کۆماری ئیسلامی پرسیار لە زیندانیان دەکرا. ئەو وەڵامانەی لەگەڵ پێوەرەکانی هەیئەتی مەرگدا نەدەگونجان، دەکرا ببنە هۆی لەسێدارەدان. زۆربەی قوربانییان، تەنانەت لەسەر بنەمای یاساکانی خودی کۆماری ئیسلامیش، لەقۆناغی تێپەڕاندنی سزاکەیاندا بوون و هەندێکیان لە سەروبەندی ئازادبووندا بوون. بەم هۆیەوە، ئەم ڕووداوە تەنیا لەسێدارەدانی کۆمەڵێک کەس نەبوو، بەڵکوو کۆمەڵکوژییەکی ڕێکخراو و تاوانێک بوو دژ بە سادەترین بنەماکانی دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ.

ئاماری وردی قوربانییان هەرگیز لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕانەگەیەندرا. ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکان ژمارەی گیانبەختکردووانیان بە چەند هەزار کەس، و لە هەندێک خەمڵاندندا لە نێوان شەش بۆ دە هەزار کەس دەستنیشان کردووە. تەرمەکانیان بە شەو و بە نهێنی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان یان گۆڕستانەکانی تاران، شیراز، ئیسفەهان، کوردستان و شارەکانی تردا بەخاکسپێردران. خاوەران و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی تری قوربانییان، سەرباری گوشار و هەڕەشەی ئەمنییەتی، بوونە شوێنی یادەوەری و دادخوازی. بنەماڵەکان ساڵانێک لە مافی پرسە و ماتەمین، بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و تەنانەت وەرگرتنی ناونیشانێکی ڕوون لە شوێنی بەخاکسپاردنی ئازیزانیان بێبەش کران.

یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی ئەم تاوانە، بریتی بوو لە هەوڵی دەسەڵات بۆ شاردنەوە و سڕینەوەی شوێنەوارەکانی. بەڵام، بیرەوەریی زیندانیانی ڕزگاربوو، شایەتحاڵیی بنەماڵەکان، بەڵگەنامە بڵاوکراوە و توێژینەوە سەربەخۆکان، بەشێک لە ڕاستییەکانیان ئاشکرا کردووە. هەروەها، دادگای حەمید نووری لە سوئێد نیشانی دا کە بەدواداچوونی دادوەری بۆ تاوانەکانی دەیەی شەست، تەنانەت دوای تێپەڕبوونی چەندین دەیەش، ڕێگەپێدراوە. ئەم پرۆسەیە گرنگیی تۆمارکردنی شایەتحاڵەکان، پاراستنی بەڵگەنامەکان و پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی دادخوازیی نیشان دەدات.

بەردەوامیی ئەم جینایەتە دەبێت لەو پێکهاتە سیاسییەدا ببینرێت کە تێیدا لێخۆشبوون و پارێزبەندی بکەرانی سەرکوت، بەشێک بووە لە میتۆدی مانەوەی دەسەڵات. هەندێک لەو کەسانەی کە لە دەیەی شەستدا لەناو دام و دەزگای دادوەری و ئەمنییەتیدا بەرپرسیارێتییان هەبوو، دواتر لە بەرزترین پلە و پۆستەکانی دەسەڵاتدا دانران. ئەم بەردەوامییە نیشان دەدات کە کۆمەڵکوژیی ١٣٦٧ ڕووداوێکی دابڕاو و جیاواز لە سیاستە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەڵکوو ئەڵقەیەک بوو لە زنجیرەیەکی دوور و درێژی لەسێدارەدان، ئەشکەنجە، سەرکوت و ئینکارکردنی ڕاستییەکان.

ئەمڕۆ، بیرهێنانەوەی ئەم جینایەتە لە بارودۆخێکدا گرنگیی زیاتری هەیە کە کۆماری ئیسلامی هێشتا لەگەڵ نارەزایەتییە بەربڵاوە کۆمەڵایەتییەکان و قەیرانە قووڵە ئابووری و سیاسییەکان بەرەوڕووە. هەڵاوسان، دابەزینی بەهای دراوی نیشتمانی، بێکاری، هەژاری، گەندەڵی، کەمیی ئاو و کارەبا و لەناوچوونی ژینگە، ژیانی ملیۆنان کەسی تووشی ئاستەنگ کردووە. لە ئاوا بارودۆخێکدا، نارەزایەتییەکانی خەڵک لەبری گوێ لێگرتن، بە دەستبەسەرکردن، توندوتیژی و کوشتار وەڵام دەدرێنەوە. لە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ساڵی ڕابردووشدا ڕاپۆرتەکانی پەیوەندیدار بە هەڵسوکەوتی خوێناوی لەگەڵ خۆپێشاندەران نیشانی دا کە لۆژیکی سەرکوت، دوای نزیکەی چوار دەیە، هێشتا بەردەوامە. کوشتنی خۆپێشاندەرانێکی کە خوازیاری ژیانێکی باشتر، ئازادی و دادپەروەرین، بیرهێنەرەوەی هەمان ئە سیاستەیە کە ساڵی١٣٦٧ لە زیندانەکاندا جێبەجێ کرا.

لە پاڵ سەرکوتی ناوخۆییدا، سەرکێشییە سەربازییەکان و سیاستە پڕتێچووە هەرێمییەکانیش گوشارێکی قورسیان خستووەتە سەر کۆمەڵگەی ئێران. دەسەڵات بە خەرجکردنی سەرمایە گشتییەکان لەپێناو بەرنامە سەربازیی و دەستوەردانە دەرەکییەکاندا، وڵاتی ڕووبەڕووی سزاکان، گۆشەگیری و شەڕێکی نوێ کردووەتەوە. ئەو شەڕانەی بەرهەمی ئەم سیاستانەن، پێش هەموو کەس خەڵکی ئاسایی دەکەنە قوربانی و ئەو سەرچاوانەی کە دەبێت بۆ خۆشگوزەرانی، پەروەردە، تەندروستی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات تەرخان بکرێن، بۆ وێرانکاری و توندوتیژی تەرخان دەکرێن. ئەزموونی شەڕی ئێران و عێراق و دەرئەنجامەکانی، لەوانە کۆمەڵکوژیی ١٣٦٧، هۆشدارییەکی ڕوونە کە چۆن سەرکێشیی سەربازی و سەرکوتی ناوخۆیی یەکتر بەهێز دەکەن.

دادخوازی بۆ قوربانییانی ساڵی ١٣٦٧، داواکارییەکی تەنیا سۆزداری یان پەیوەندیدار بە ڕابردوو نییە. ئەم دادخوازییە بە خەباتی ئەمڕۆ بۆ ئازادی، دادپەروەری، هەڵوەشاندنەوەی لەسێدارەدان و مافی ڕێکخراوبوونەوە بەستراوەتەوە. کۆمەڵگەیەکی کە ڕاستیی تاوانەکانی ڕابردوو تۆمار و بەدواداچوونی بۆ نەکات، لە بەرامبەر دووبارەبوونەوەیاندا بێبەرگری و لاواز دەمێنێتەوە. گیانبەختکردووانی کۆمەڵکوژیی ١٣٦٧ و سەرجەم قوربانییانی سەرکوت، لە بیرەوەرییەکانی خەڵکدا زیندوون. ڕاستی، ئەگەرچی درەنگیش بێت، ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە، و ڕۆژێک دەبێت بکەران و بڕیاردەرانی ئەم جینایەتانە لە دادگایەکی ئاشکرا و دادپەروەرانەدا وەڵامدەرەوەی کردەوەکانیان بن.

********

## ئەزیەت و ئازاری بەهاییەکان، زامێک بە جەستەی کۆمەڵگەی ئێرانەوە

بەیاننامەی ئەم دواییەی ١٣ ڕاپۆرتێری تایبەت و شارەزای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە توندبوونەوەی سەرکوتی بەهاییەکان لە ئێران، جارێکی تر یەکێک لە درێژخایەنترین و ڕێکخراوترین دۆسیەکانی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤی لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هێنایەوە چەقی سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهان. لەم بەیاننامەیەدا، دەستبەسەرکردنی سەرەڕۆیانە، بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، ئازار و ئەشکەنجە، دانپێدانانی زۆرەملێ و بێبەشکردنی دەستبەسەرکراوان لە دەستڕاگەیشتن بە پارێزەر و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، وەک نموونەی پێشێلکاریی ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکان ناویان براوە.

ئەگەرچی شەپۆلی نوێی دەستبەسەرکردنەکان لە مانگەکانی دواییدا نیگەرانیی بەربڵاوی لێکەوتووەتەوە، بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە ئەزیەت و ئازاری سیستماتیکی بەهاییەکان لە ئێران دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵکوو مێژوویەکی زیاتر لە سەدە و نیوێکی هەیە و دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بووەتە سیاسەتێکی دامەزراوەیی.

کۆمەڵگەی بەهایی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا لە ئێران شکڵی گرت. لە هەمان سەرەتاوە، پەیڕەوانی ئەم ئایینە بەرەوڕووی دژایەتیی توندی ماموستایانی ئایینیی شیعە و حکومەتی قاجار بوونەوە. لە سەردەمە جیاوازەکاندا، بەهاییەکان بوونە قوربانیی هێرشی توندوتیژانە، دەستبەسەرداگرتنی سەرمایە و موڵک و تەنانەت لەسێدارەدان. ئەگەرچی ئاستی ئەم گوشارانە لە سەردەمە جیاوازەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام تێڕوانینی جیاکارییانە بەرامبەر بەوان هرگیز بە تەواوی لەناو نەچوو.

لە سەردەمی پەهلەویدا، ئەگەرچی بەهاییەکان لە بەشێک لە مافە شارستانییەکان بەهرەمەند بوون و ژمارەیەکیان لە بەشەکانی ئابووری، زانکۆیی و کارگێڕیدا چالاکییان هەبوو، بەڵام پڕوپاگەندەی دژە بەهایی بەردەوام بوو و هەندێک جاریش توندوتیژیشی لێدەکەوتەوە. هێرشکردنە سەر ناوەندەکانی بەهاییەکان لە دەیەی ١٣٣٠ی هەتاویدا و هەڵمەتە پڕوپاگەندەییەکان لەدژی ئەوان، ئەوەی نیشان دەدا کە دەمارگیریی ئایینی هێزێکی کاریگەرە لە کۆمەڵگەدا. بە شۆڕشی ١٣٥٧ دۆخەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕا. یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی تەنها ئیسلام، مەسیحیەت، یەهوودییەت و زەردەشتیی وەک ئایینی فەرمیی ناسی و بەهاییەکان بە کردەوە لە سەرەتاییترین مافەکانی هاووڵاتیبوون بێبەش کران. حکومەت نەک هەر ئاینی بەهایی وەک ئایین ناناسێت، بەڵکوو وەک ڕێکخراوێکی «لادەر» یاخود تەنانەت وابەستە بە بێگانەکان دەناسێنێت، تۆمەتێکی کە تا ئێستا هیچ دادگایەکی سەربەخۆ نەیسەلماندووە.

لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، سەدان کەس لە بەهاییەکان لەسێدارە دراون یان بێسەروشوێن کراون، هەزاران کەس دەستبەسەر کراون، موڵک و ماڵی زۆریان دەستی بەسەردا گیراوە و ژمارەیەکی زۆریان لە کارکردن لە بەشە حکومییەکان، خوێندن لە زانکۆ، وانەوتنەوە و تەنانەت بەخاکسپاردنی ئازیزانیان لە گۆڕستانە گشتییەکان بێبەش کراون. زۆرێک لە کار و کاسبیە بازرگانییەکانی سەر بە بەهاییەکان تەنها بەهۆی باوەڕی ئایینیی خاوەنەکانیانەوە داخراون. منداڵان و تازەلاوانی بەهاییش زۆر جار لە قوتابخانە و زانکۆکاندا لەگەڵ هەڵاواردن بەرەوڕوو بوونەتەوە.

یەکێک لە ناسراوترین نموونەکانی ئەم سیاسەتە، بریتی بوو لە بێبەشکردنی گەنجانی بەهایی لە خوێندنی باڵا. لە وەڵامی ئەم جیاکارییەدا، کۆمەڵگەی بەهایی تۆڕێکی نارەسمیی بۆ خوێندن لە ئاستی زانکۆدا دامەزراند کە ئەویش گەلێک جار بووە ئامانجی هێرشی هێزە ئەمنییەکان و ماموستا و بەڕێوەبەرانی دەستبەسەر کران.

ل٤ ←

دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ زۆر جار ڕایانگەیاندووە کە ئەم هەنگاوانە پێچەوانەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی ئەندامی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانە، پەیماننامەیەکی کە ئازادیی ئایین و باوەڕ، یەکسانبوون لە بەرامبەر یاسادا، مافی بەهرەمەندبوون لە دادگاییکردنی دادپەروەرانە و قەدەغەی ئەشکەنجە گەرەنتی دەکات. بەڵام ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لێبووردنی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی تر نیشانی دەدەن کە ئەم مافانە سەبارەت بە بەهاییەکان بەردەوام پێشێل کراون. بەیاننامە نوێیەکەی شارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەرلەم چوارچێوەیەدا شیاوی تێدەگەیشتنە. ئەوان هۆشدارییان داوە سەبارەت بە پەرەسەندنی دەستبەسەرکردنەکان هاوکات لەگەڵ شەڕ و قەیرانەکانی ئەم دواییە لە ئێران و باسیان لە بوونی شێوازێکی نیگەرانکەر لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، ئەشکەنجە و دانپێدانانی زۆرەملێ کردووە. ئاماژەی دیاریکراو بە دۆسیەی کەسانێکی وەک پەیوەند نەعیمی و بۆرنا نەعیمی، کە بەپێی ئەم ڕاپۆرتانە کەوتوونەتە ژێر گوشاری توندی جەستەیی و دەروونی و تەنانەت لەسێدارەدانی نمایشی، نیشانی دەدات کە بابەتەکە تەنها چەند دۆسیەیەکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو لەگەڵ سیاسەتێکی ڕێکخراو بەرەورووین.

بەرگریکردن لە مافی بەهاییەکان نە بە مانای بەرگریکردن لە باوەڕێکی ئایینی، بەڵکوو بەرگریکردنە لە پرەنسیپی بنەڕەتیی یەکسانیی مرۆڤەکان. سێکولاریزم کاتێک مانا پەیدا دەکات کە دەوڵەت بەرامبەر بە باوەڕە ئایینی و نائایینییەکانی هاووڵاتیان بێلایەن بێت و هیچ کەسێک بەهۆی هەبوون یان نەبوونی بیروباوەڕی ئایینی یان گۆڕینی باوەڕەکەی، لە مافە مەدەنییەکان بێبەش نەکرێت.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە پابەندە بە نەریتی ئازادیخوازانە و عەداڵەتخوازانەی خۆی، ناتوانێت لە ئاست سەرکوتکردنی هیچ کەمینەیەکی ئایینی یان نەتەوەییدا بێدەنگ بێت. ئەزموونی مێژوویی نیشانی داوە کە سەرکوتکردنی توێژێکی کۆمەڵایەتی هەرگیز لە هەمان توێژدا نامێنێتەوە. حکومەتێکی کە ئەمڕۆ بەهاییەکان لە مافە بنەڕەتییەکان بێبەش دەکات، حکومەتێکە کە هەمان میکانیزم لەدژی دەروێشەکان، پەیڕەوانی مەزهەبی سوننە، مەسیحییە نوێیەکان، یەهوودییەکان، هەڵسووڕاوانی کرێکاری، ژنان، قوتابیان، نووسەران و نەیارانی سیاسیش بەکار هێناوە. بەرگریکردن لە مافی بەهاییەکان، بەرگریکردنە لە پرەنسیپی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، واتە پرەنسیپێکی بەبێ جیاکاری.

لە هەمان کاتدا، بەرگریکردن لە ئازادیی ئایین نابێت بە مانای پارێزبەندی بێت بۆ ڕەخنەگرتن لە باوەڕە ئایینییەکان. هەروەک چۆن ئیسلام، مەسیحییەت، یەهوودییەت یان هەر ڕێبازێکی فیکریی تر دەتوانێت بکەوێتە بەر ڕەخنەی ئازاد، ئاینی بەهاییش دەبێت لە فەزای ئازادی فیکریدا توانای ڕەخنەلێگرتنی هەبێت. بەڵام سنووری نێوان ڕەخنە گرتن لە ئایدیا و سەرکوتکردنی پەیڕەوانی ڕوونە. هیچ حکومەتێک مافی ئەوەی نییە هاووڵاتییەک بەهۆی باوەڕ یان ناسنامەی ئایینییەوە لە مافی خوێندن، کار، خاوەندارێتی، ئەمنییەت یان دادگاییکردنی دادپەروەرانە بێبەش بکات.

بەیاننامەی ئەم دواییەی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها هۆشدارییەک نییە سەبارەت بە دۆخی دەیان زیندانی، بەڵکوو وەبیرهێنەرەوەی بەرپرسیارێتییەکە کە کۆمەڵگەی ئێران لە بەرامبەر خۆیدا هەیەتی. لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، نە ئەمڕۆ و نە سبەینێ تا ئەو کاتەی هاووڵاتییەک تەنها بەهۆی بەهاییبوون، سوننەبوون، مەسیحیبوون، بێدینبوون یان هەبوونی هەر باوەڕێکی تر لە مافە بنەڕەتییەکانی بێبەش بێت، ناتوانرێت باس لە سەروەریی یاسا، دادپەروەری، یەکسانی یان دیموکراسی بکرێت. بەرگریکردن لە مافەکانی بەهاییەکان، لە کۆتاییدا بەرگریکردنە لە کەرامەتی ئینسانیی سەرجەم هاووڵاتیانی ئێران.

********

## کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا، چۆن لە هەردوولای ململانێکەوە خەڵکیان تووشی برسییەتی کردووە؟



لە ململانێی پڕتێچوو و درێژخایەنی نێوان کۆماری ئیسلامی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە کاتێکدا کە ئەکتەرە سیاسییەکان لە هەردوو لا دەهۆڵی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە دەکوتن و هێزی خۆیان دەنوێنن، باج و تێچووی ڕاستەقینە و کوشندەی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر شانی چین و توێژە بێبەشەکان و جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگە. ئامرازە توند و کاریگەرە ژیۆپۆلیتیکییەکان، لە گەمارۆی ئابووری و بانکییەوە بگرە تا ئاستەنگکردنی ڕێڕەوە بازرگانییەکان، لەهەنگاوی یەکەمدا تەندروستی و ئەمنییەتی خۆراکی خەڵکی ئاسایی دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە نەک بنەمای دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی. واقیعییەتی تاڵی ئەمڕۆ ئەوەیە کە ملیۆنان هاووڵاتیی ئێرانی، لە نێوان بەرداشی گوشارە دەرەکییەکان و بێکارامەیی و گەندەڵیی ناوخۆییدا گرفتار بوون.

گەمارۆی دەریایی بەندەر و کەناراوەکانی ئێران و هەوڵی ئەمریکا بۆ سفرکردنەوەی هەناردەی نەوت و ڕێگریی لە دەستڕاگەیشتنی وڵات بە میکانیزمە دارایی و بازرگانییەکانی جیهان، یەکێکە لە بێبەزەییانەترین مۆدێلەکانی گوشار لە گرژی و ململانێکانی ئێستادا. نەوت، وەک بڕبڕەی پشتی داهاتی دراوی بیانیی وڵات، بەکردەوە لەدەست چووە و هێنانی کەلوپەل و کاڵاکان بووەتە پرۆسەیەکی پڕتێچوو، ئاڵۆز و پڕزەحمەت. ئەم گوشارانە لەسەر کاغەز بە «ئامانجگرتنی ڕژێم» ناو دەبرێن، بەڵام بەکردەوە، ڕاستەوخۆترین دەرئەنجامەکانیان لە کەمبوونی کاڵا و هەوسارپچڕاوانەی نرخەکاندا دەردەکەوێت.

کاریگەریی هەرە بەرچاوی ئەم گەمارۆیە دەکرێت لە گۆڕینی ڕێڕەو و تێچووەکانی ترانزێتدا ببینرێت. شۆفێرێکی کە ساڵانێکە لە ڕێگەی گواستنەوەی کاڵا هاوردەکراوەکان لە سنوور و بەندەرە باشوورییەکانەوە بۆ شارە ناوەندییەکان کاری کردووە، ڕاستیی بابەتییانەی ئەم دۆخە بەم شێوەیە وەسف دەکات:

«پێشتر ڕێگەکە ڕاستەوخۆ بوو. ئێستا دەبێت بخوولێینەوە، لە چەند وڵات تێپەڕین، چەندین جار پشکنینمان بۆ بکرێت. تێچووی سووتەمەنی، باج، بیمە و هیتر... هەموو شتێک چەند هێندە زیادی کردووە.»

ئەم سەرگەردانییە لە ڕێگە دوورەکان و دەوردانەوە و تێپەڕکردنی ئاستەنگ و بەربەستەکانی گەمارۆکان، لە کۆتاییدا تێچوویەکە کە دەچێتە سەر نرخی کۆتایی کاڵاکان، تێچوویەکی کە دواجار لە ڕێگەی گرانبوونی خۆراک و پێداویستییەکانی ژیانەوە دەکەوێتە سەر شانی کرێکاران و بنەماڵە هەژارەکان.

بەرپرسانی دەوڵەتی بەردەوام هەوڵ دەدەن هۆکاری تەواوی ڕەهەندەکانی دارمانی بژێوی ژیان بگەڕێننەوە بۆ گۆڕانکارییە دەرەکییەکان. مەسعود پزیشکیان، سەرۆک کۆمار، لە لێدوانەکانی ئەم دواییەدا بەرزبوونەوەی نرخەکانی بە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی بەرزبوونەوەی تێچووی هاوردەکردن، دابەزینی داهاتەکانی نەوت و زیانگەیشتن بە هەندێک لە پیشەسازی و کارگەکان ناو بردووە. ئەگەرچی کاریگەریی وێرانکەری گەمارۆ و ئابڵۆقەکان حاشاهەڵنەگرە، بەڵام گەڕاندنەوەی تەواوی قەیرانەکە بۆ گوشارەکانی ئەمریکا، جۆرێکە لە خۆدەربازکردن لە ژێر باری بەرپرسیارێتی.

ئابووریی ئێران ساڵانێکە بەدەست خراپبەڕێوەبردنی بەردەوام، ڕانتخۆری، گەندەڵیی سیستەماتیک و تەرخانکردنی بودجەی زەبەلاح بۆ دامەزراوە ئایینییەکانی پەرەپێدەری خورافاتەوە دەناڵێنێت. دەسەڵات لەبری دروستکردنی قەڵغانی پاڵپشتی و بەهێزکردنی خۆڕاگریی توێژە بێبەشەکان، بارگرانیی کورتهێنانی بودجەی لە ڕێگەی چاپکردنی پوڵی بێ پاڵپشتی، زیادکردنی باجی ناڕاستەوخۆ و دەستکاری کردنی نرخەکانی دراو، خستووەتە سەر شانی کۆمەڵگە. لەم نێوەندەدا، بەشێکی هەرەزۆری سەرچاوەکانی وڵات دەخرێتە خزمەت سپای پاسداران و میلیتاریزەکردنی زیاتری ئێران، لە کاتێکدا بودجەکانی خۆشگوزەرانی، تەندروستی، دەرمان و پەروەردەی گشتی ساڵ بە ساڵ کەمتر و لاوازتر دەبنەوە. کاتێک ئەم دوو هۆکارە لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەبن، دەرئەنجامەکەی بە خێرایی پێوەرە گەورە ئابوورییەکان تێپەڕ دەکات و ڕۆدەچێتە قووڵترین لایەنەکانی ژیانی بنەماڵەکانەوە. لە یەکێک لە گەڕەکەکانی باشووری تاران، دایکێک بەم شێوەیە باس لە دۆخی بنەماڵەکەی دەکات:

«پێشتر هەموو هەفتەیەک شیر و ماستمان دەکڕی. ئێستا منداڵەکان تەنها لە قوتابخانە شیر دەخۆنەوە. نرخەکان بەجۆرێک بەرزبوونەتەوە کە وەک بڵێی بەرهەمە شیرەمەنییەکان بوونەتە کاڵایەکی لۆکس. شووەکەم کرێکاری بیناسازییە و داهاتەکەی بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم هەڵاوسانەدا ناگونجێت. هەر ڕۆژە و شتێک گرانتر دەبێت ئێمە تەنها سەیر دەکەین و هیچمان لە دەست نایەت.»

ئەمە تەنها بەسەرهاتێکی تاکێک نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی دۆخی ملیۆنان بنەماڵەی کرێکار و زەحمەتکێشە کە ناچار بوون گۆشت، مریشک، شیرەمەنی، میوە و تەنانەت جۆرە سەرەکییەکانی خۆاردنیش لە سەبەتەی خۆراکیان دەرهاوێژن. زۆرێک لە ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە بەدخۆراکی لە ناوچە بێبەش و پەراوێزخراوەکان خەریکە دەبێتە قەیرانی نەوەکان. ئەو منداڵانەی کە بەهۆی هەژارییەوە لە خۆراکە سەرەکییەکان بێبەش دەبن، لە زومرەی یەکەمین قوربانیانی شەڕێکن کە بەبێ هاویشتنی موشەک، ژیان و داهاتوویانی بەئامانج گرتووە.

لە کێشمەکێشە ناهاوسەنگدا، خڵکی ئاسایی نەک لایەنێکی ململانێکان، بەڵکوو بوونەتە ئامرازی گوشار و قوربانیی سیاستەکانی هێز و هەیمەنە. لە لایەکەوە، سیاستداڕێژەران لە واشنگتۆن بە سەپاندنی گەمارۆ سەرتاسەرییەکان، جەماوەری خەڵک بەرەو هەژاریی موتڵەق پاڵپێوە دەنێن تا لە نارەزایەتی گشتیی ئامرازێکی سیاسی دروست بکەن. لە لایەکی ترەوە، دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامیش لە بوونی گەمارۆکان وەک قەڵغانێک بۆ شاردنەوەی ناکارامەییەکانی خۆی، سەرکوتکردنی داواکارییە ڕەواکانی بژێوی ژیان و پاساوکردنی گرانیی بەردەوام کەڵک وەردەگرێت، لە کاتێکدا توێژە دەسەڵاتدارەکان و دەڵاڵانی نزیک لە دەسەڵات، لەم کەشوهەوای ئاستەنگ و گەمارۆیانەدا سەرمایەیەکی زۆر و زەوەند بەدەست دەهێنن.

لە کۆتاییدا، کرێکاران، هەژاران، ژنانی سەرپەرشتیاری بنەماڵە و منداڵانی ئێران، لە نێوان دوو بەرداشدا گرفتار بوون: سیاستەکانی گەمارۆ و ئابڵۆقەی ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ڕێگە سەرەکییەکان دادەخات، و لەلایەکی تریشەوە سیاستە دژەخەڵکییەکانی کۆماری ئیسلامی کە هیچ بەهایەک بۆ مافی ژیان و خۆشگوزەرانی خەڵک دانانێت. هەردوو لایەن، بە زمان و ئامرازی جیاواز بەڵام بە کارکردێکی هاوبەش، برسییەتییان کردووەتە ڕاستییەکی بەردەوام لە ژیانی چین و توێژە هەژار و دەستکەوتەکانی ئێراندا.

********

# قەیرانی هاوسەرگیری لە ئێران، کاتێک بڕیارێکی ئینسانیی دەبێتە مەترسییەکی ئابووری



ئاماری تازەی کە لەلایەن جێگری کاروباری گەنجان لە وەزارەتی وەرزش و لاوان بڵاوبۆتەوە، ئاماژە بە بوونی زیاتر لە ١٨ ملیۆن و ٧٧٥ هەزار کەس دەکات کە هەرگیز هاوسەرگیریyan نەکردووە. ئەم ژمارەیە نیشانەیەکە لە قەیرانێکی قووڵتر کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵات. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چی ڕووی داوە لە کۆمەڵگەی ئێراندا کە پێکهێنانی ژیانێکی ئاسایی و سەربەخۆ بۆ ملیۆنان گەنج تادێت سەخت و دژوارتر دەبێت؟

سینگڵبوون و هاوسەرگیرینەکردن خۆی لە خۆیدا نە تاوانە و نە کێشەی کۆمەڵایەتیی. لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان کەسەکان بە سینگڵی دەژین و ئەمە بژاردەیەکی سروشتییە. بەڵام کێشەکە لەوێوە دەست پێ دەکات کە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە نەتوانێت ئەو هەڵبژاردنەی دەیوێت بیکات، واتە گەنجێکی کە دەیەوێت هاوسەرگیریی بکات، بەڵام بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێگەی پێنادات. کاتێک کەسێک کارێکی بەردەوام و جێگیری نییە، داهاتەکەی لەگەڵ تێچووەکانی ژیاندا ناگونجێت، دەستڕاگەیشتنی بە خانوو و سەرپەنایەک ئەستەمە و ئاسۆی ئابووریی ڕوون نییە، بڕیارێکی وەک هاوسەرگیری لە بژاردەیەکی سۆزدارییەوە دەبێتە مەترسییەکی گەورەی ئابووری.

تۆژینەوە ئابوورییەکانیش ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە. لێکۆڵینەوەیەکی کە لە ٢٨ پارێزگای ئێران لە نێوان ساڵانی ١٣٨٣ تا ١٣٩٣ی هەتاویدا ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و بێکاری هاوکات بووە لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەمەنی هاوسەرگیری ژنان و پیاوان. واتە هرچەندە باری ئابووری خراپتر بووبێت، هاوسەرگیری درەنگتر ڕووی داوە. لە ئاوا بارودۆخێکدا پرسیارگەلێکی بنەڕەتی دێنە ئاراوە: ئایا دەکرێت لە گەنجێکی کە کارێکی جێگیری نییە چاوەڕوانیی ئەوەی لێبکرێت خێزان پێک بێنێت؟ ئایا گەنجێکی کە تەنانەت توانای بەکرێگرتنی خانوویەکی بچووکیشی نییە، دەتوانێت بە دڵنیاییەوە بڕیار لەسەر هاوسەرگیری و منداڵبوون بدات؟ و ئایا کاتێک نرخی کەلوپەل و خانوو بەبەردەوامی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، دەکرێت بۆ دە یان بیست ساڵی داهاتوو پلان دابنرێت؟

لە نێوان هەموو هۆکارە ئابوورییەکاندا، خانووبەرە ڕەنگە گەورەترین کۆسپ بێت. هاوسەرگیری واتە دەستپێکردنی ژیانێکی هاوبەش، بەڵام لە ئێرانی ئەمڕۆدا خانوو بووەتە کاڵایەکی سەرمایەیی، نەک پێداویستییەکی مرۆیی. کاتێک هاوسەرێکی گەنج ناچار دەبن بەشێکی زۆری داهاتەکەیان تەرخان بکەن بۆ کرێی خانوو، هیچ شتێک بۆ خۆراک، درمان، پەروەردە، گوواستنەوە و منداڵبوون نامێنێتەوە. نرخی خانوو لە زۆربەی شارەکاندا چەندین بەرانبەری داهاتی ساڵانەی گەنجێکە و ئەم جیاوازییە گەورەیە، سەربەخۆیی ئابووریی کردووەتە خەونێکی وەدینەهاتوو. ئەم بارودۆخە ئاکامی چەندین ساڵ داڕشتنی سیاسەتی ناکارئامە، نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵایەتی و کردنی زەوی و باڵەخانەیە بە ئامرازی قازانج بۆ تاقم و گرووپێکی تایبەتەکان.

قەیرانی هاوسەرگیری تەنیا قەیرانی تێچووی ڕێوڕەسمەکان نییە، بەڵکوو قەیرانی ئاسۆی داهاتووە. گەنجێکی کە نازانێت ساڵی داهاتوو کاری دەبێت یان نا، چۆن دەتوانێت بڕیارێکی درێژخایەنی وەک هاوسەرگیری بدات؟ گرێبەستە کارییە کاتییەکان، مووچەی زۆر نزمتر لە ئاستی هەڵاوسان، نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی، گەشەکردنی پیشە نافەرمی و ناسەقامگیرەکان و بێکارییەکی بەربڵاو لە نێوان گەنجانی خوێندەواردا، هەموویان لە زومرەی ئەو هۆکارانەن کە داهاتوو نادیار دەکەن. ئەم دۆخە بۆ چینە کەمداهاتەکان گەلێک دژوارترە، شوێنێکی کە تەنانەت دابینکردنی تێچووە سەرەتاییەکانی ژیانیش کارێکی ئاسان نییە، چ بگات بە پێکهێنانی خێزان. بۆ تێگەیشتن لەم قەیرانە، ناکرێت ڕۆڵی پێکهاتەیی کۆماری ئیسلامی لەبەرچاو نەگیرێت. دەسەڵات دەیان ساڵ دەرفەتی هەبووە کە خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵایەتیی پێویست دروست بکات، هەلی کاری جێگیر بۆ گەنجان دابین بکات، حەقدەست لەگەڵ تێچووی ژیاندا بگونجێنێت، سیستەمی دڵنیایی کۆمەڵایەتی بەربڵاوتر بکات، پەروەردە و دەرمانی گشتی بەهێز بکات و ئەمنییەتی ئابووریی بنەماڵەکان زیاتر بکات. بەڵام ئەنجامی ئەمڕۆ نیشانی دەدات کە ئەم دەرفەتانە لەدەست دراون. گەنجێکی کە دەیوێت سەربەخۆ بێت، ڕووبەڕووی کرێی قورس دەبێتەوە، کرێکارێکی کە دەیوێت خێزان پێک بێنێت، ڕووبەڕووی مووچەی ناکافی دەبێتەوە، گەنجێکی خوێندەوار کە ساڵانێک دەرسی خوێندووە، ڕووبەڕووی کاری کاتیی و ناسەقامگیر دەبێتەوە و هەروەها ژن و شوێەکی کە دەیانەوێت منداڵیان هەبێت، داهاتوویەکی ئابووریی نادیار لەبەردەم خۆیاندا دەبینن.

ئەمە لە کاتێکدایە کە سیاسەتی فەرمی ساڵانێکە گەنجان بۆ هاوسەرگیری و منداڵبوون بانگهێشت دەکات. واقیعییەت ئەوەیە کە بەم جۆرە بانگهێشتکردنە بێ ناوەرۆکانە گەنج هان نادرێت بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکات، بە قەرزە بچووکەکان ناتوانرێت قەیرانی پێکهاتەیی خانووبەرە چارەسەر بکرێت و بە ڕێنمایی ئەخلاقیش داهاتووی ئابووریی هیچ خێزانێک گەرەنتی ناکرێت. کاتێک خانوو کاڵایەک بێت بۆ قازانجی سەرمایە، درمان و پەروەردە تێچوویەکی قورس بەسەر بنەماڵەکاندا بسەپێنێت، کار و پیشە ناسەقامگیر بێت و حەقدەست لە تێچووی ژیان کەمتر بێت، تەنانەت تایبەتیترین بڕیاری مرۆڤ، واتە هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە.

لە کۆتاییدا، وەڵامدانەوە بەم پرسیارەی کە «چی بەسەر ئابووری و کۆمەڵگەی ئێراندا هاتووە کە پێکهێنانی ژیانێکی ئاسایی و سەربەخۆ بۆ ملیۆنان گەنج بووەتە خەونێکی وەدینەهاتوو؟» بەناچار دەمانگەیەنێتە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران. واقیعییەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەیان ساڵدا، سەروەت و سامانی ئەم کۆمەڵگەیە و بەرهەمی کار و ڕەنجی ملیۆنان مرۆڤی نەخستووەتە خزمەت خۆشگوزەرانیی گشتی، گەشەپێدانی ئابووری، ڕەخساندنی هەلی کاری جێگیر یان دروستکردنی داهاتوویەکی ئارام بۆ گەنجان، بەڵکوو خستوویەتییە خزمەت ئەولەوییەتێکەوە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی خەڵکەوە نییە. بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی وڵات لەبری وەبەرهێنان لە خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، درمان، دڵنیایی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان، لە پێناو میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگە، بەرفراوانکردنی دام و دەزگا ئەمنییەکان و سەرکوتی ناوخۆییدا بەکار هاتووە، دام و دەزگایەکی کە ئامانجی سەرەکییان نەک پاڵپشتیکردنی خەڵک، بەڵکوو کۆنترۆڵکردنی خەڵکە.

لە پاڵ ئەمەشدا، تێچوویەکی ئێجگار زۆر تەرخان کراوە بۆ کردەوە و چالاکییەکان لە دەرەوەی سنوورەکان، ئەم سیاسەتانە نە تەنیا هیچ قازانجێکیان بۆ ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئێران نەبووە، بەڵکوو سەرچاوەگەلێکیان بەفیڕۆ داوە کە دەکرا لەپێناو ڕەخساندنی هەلی کار، دروستکردنی خانوو، گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و بەهێزکردنی داهاتووی ئابووریی گەنجاندا خەرج بکرێت. لە ناوخۆی وڵاتیشدا بەشێکی بەرچاو لە بودجەی گشتی بۆ دامەزراوە ئایینی، تەبلیغاتی و ئایدیۆلۆژییەکان تەرخان کراوە، دامەزراوەگەلێکی کە بە بودجەیەکی ئێجگار زۆرەوە، لەبری بەرهەمهێنانی زانست یان خۆشگوزەرانی، خەریکی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی خورافات، کۆنترۆڵی کلتوری و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتەکانی دەسەڵاتن.

لە ئاوا بارودۆخێکدا سروشتییە کە کۆمەڵگەیەک بەو هەموو سەرچاوە و پۆتاسێلەوە، نەتوانێت پێداویستییە سەرەتاییەکانی گەنجەکانی خۆی دابین بکات. کاتێک سەروەتی نیشتمانی لەبری گەشەپێدانی ئابووری، لەپێناو نیزامیگەری، سەرکوت، پرۆژە دەرەکییەکان و دامەزراوە نابەرپرسیارەکاندا خەرج دەکرێت، ئەنجامەکەی هیچی تر نییە جگە لە دارمانی ئەمنییەتی ئابووری و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی. تا ئەو کاتەی ئەم پێکهاتەی دەسەڵاتە بەردەوام بێت و ئەولەوییەتەکانی لەم چوارچێوەیەدا بسوڕێنەوە، ئەو بێبەشیە دژەمرۆییەی کە لەسەر شانی گەنجی ئێرانیی قورسایی دەکات، لا نابرێت. گەنجێکی کە دەیتوانی بە کار، خانوو، ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و هیوا بە داهاتوو ژیانێکی سەربەخۆ دروست بکات، لە ئاوا پێکهاتەیەکدا ناچارە خەونی سادەی پێکهێنانی خێزان دوا بخات یان بەتەواوی لەبیر خۆی بباتەوە.

هەر بەم هۆیەوە، قەیرانی هاوسەرگیری لە ئێران ڕاستەوخۆ بەرهەمی سیاسەت و ئاراستە ئابووری و ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییە. تا ئەو کاتەی ئەم سیاسەتانە نەگۆڕدرێن و سەروەت و سامانی وڵات لەبری خەرجکردنی بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە و سەرکێشییەکانی دەرەوەی سنوور، لەپێناو خۆشگوزەرانیی خەڵکدا بەکار نەهێنرێت، ئیمکانی دروستکردنی ژیانێکی سەربەخۆ و خاوەن کەرامەت بۆ ملیۆنان گەنجی ئێران، هەروا بە دەستەبەر نابێت.

********

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٦ - گەلاوێژی ١٤٠٥ -August ٢٠٢٦

# کۆڵبەری؛ گێڕانەوەیەک لە هەژاری، نادادپەروەری و مەرگ

لە سەر سنوورەکانی کوردستان، لە شوێنێک لە نێوان شاخە بەردینەکان و ڕێگا مینڕێژکراوەکاندا، هەزاران مرۆڤ ڕۆژانە کێبڕکێ لەگەڵ مەرگ دەکەن، هەڵبەت نەک بۆ قازانج، نە بۆ قاچاخچێتی، نە بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، بەڵکوو تەنیا بۆ پەیداکردنی پاروە نانێک کە بیخەنە سەر سفرەی منداڵەکانیان. ناوی ئەم کارە «کۆڵبەرییە»، بەڵام لە ڕاستیدا، کارێکی زۆرەملێیە لە ڕێگاوبانەکانی مەرگدا.

ڕاپۆرتەکانی کۆڵبەرنیوز نیشان دەدەن کە دەستدرێژیکردنە سەر گیانی کۆڵبەران ڕووداوێکی بەهەڵکەوت و ناوبەناو نییە، بەڵکوو ڕەوتێکی سیستماتیک و دووبارەبووەوەیە. لە ١٥ی گەلاوێژی ١٤٠٥دا، حەسەن مستەفازادە، کۆڵبەری ٤٩ ساڵە و باوکی سێ منداڵ، لە سنووری هەنگەژاڵی بانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی پاسەوانی سنوور کەوتە گیانی لەدەستدا. سەرەتا بردیان بۆ بانە و دواتر بەهۆی سەختیی برینەکانیەوە ڕەوانەی تەورێز کرا. هیچ کەس نازانێت ئێستا لە چ بارودۆخێکدایە، تەنیا ئەوەندە دەزانین ئەو فیشەکەی جەستەی ئەوی پێکاو، هەژاریی نەکوشت.

ڕۆژێک پێش ئەوە، گۆران خدر لە هەمان ناوچە کرایە ئامانجی دەستڕێژی گوللە. بەختیار ئەمینی بەهۆی تەقینەوەی مین پێیەکی لەدەست دا. لە یەکی گەلاوێژدا، سوهەیل فیردەوسی، گەنجێکی ١٨ ساڵەی گوندی دزاوەر، بە فیشەکێک کە بەر سکی کەوت، لە هەمان ساتدا گیانی لەدەست دا. ٣١ی پوشپەڕ، ڕەسووڵ قەلەندەری، کۆڵبەرێکی تەمەن ٢١ ساڵەی قەتور، دوای تەقەی سەرەتایی، بە دەستڕێژی دواتری هێزە سنوورییەکان بەبێ ئاگادارکردنەوە، بەبێ هۆشداری و بەشێوەیەکی بێبەزەییانە کوژرا.

ئەمانە تەنیا چەند ناوێکن، چەند ڕوخسارێکن لە نێوان سەدان کەسدا. بەپێی ئامارەکان، لە ساڵی ١٤٠٤دا لانیکەم ٥٧ کۆڵبەر لە سنوورەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان و کرماشان کوژراون یا بریندار بوون. ئەم ژمارەیە، تەنانەت ئەگەر تەنیا بەشێک لە ڕاستییەکانیش بێت، ئەوپەڕی کارەساتەکە ئاشکرا دەکات.

کۆڵبەری پیشە نییە، پیشە واتە ئاسایش، بیمە، گرێبەست، مووچەی دیاریکراو و ئەگەری گەڕانەوەی بێ مەترسیی بۆ ماڵەوە. کۆڵبەری هیچکام لەمانە نییە. کۆڵبەر مرۆڤێکە کە لە بەرامبەر کرێیەکی زۆر کەمدا بارێکی قورس لە ڕێگا سەخت و شاخاوییە بەستەڵەک، مینڕێژکراو و پڕ لە بۆسەکانی مەرگ تێپەڕ دەکات و سەرجەم مەترسییەکان لەسەر شانی ئەون. بەڵام بۆ کەسێکی کە هیچ سەرچاوەیەکی تری داهاتی نییە، هەر ئەم کارە پڕ مەترسییە، تەنیا ڕێگای زیندومانەوەیە. هەژاری سنوورەکانی تەمەنی بەزاندووە: تازەلاوانی تەمەن بچووک، پیاوانی سەرووی ٦٠ ساڵ، ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە، گەنجانی خوێندەواری زانکۆ کە دوای تەواوکردنی خوێندن، دەچنە ڕیزی لەشکری بێکارانەوە.

لە گوند و شارە سنوورییەکاندا، نەبوونی کارگە، نەبوونی سەرمایەگوزاری، نەبوونی ژێرخان و نەبوونی بازاڕی کار، خەڵکی بەرەو کارێک پاڵ پێوە ناوە کە کۆتاییی هەر سەفەرێکی دەکرێ مەرگ، کەم ئەندامبوون یان ژیان لەگەڵ ئازاری هەمیشەییدا بێت.

لە لایەکی تری ئەم پەیوەندییانەدا، بازرگانان و دەڵاڵان وەستاون و قازانجی سەرەکی بەدەست دەهێنن، بەبێ ئەوەی تەنانەت یەک هەنگاو بە ڕێگای پڕمەترسی کۆڵبەراندا بڕۆن. کۆڵبەران هێزێکی کاری کرێگرتەن کە پشکێکی زۆر کەمیان لە بەهای ئەم ئاڵوگۆڕانە دەست دەکەوێت، بەڵام هەموو مەترسییەکان لەسەر شانی ئەوانە.

بەم حاڵەشەوە، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساوی تەقەکردنەکان، کۆڵبەران بە «قاچاخچی» دەناسێنن، گێڕانەوەیەکی کە بە ئەنقەست جیاوازیی نێوان کۆڵبەریی لەڕووی ناچارییەوە و قاچاخی ڕێکخراو دەشارێتەوە. قاچاخی ڕێکخراو پێویستی بە تۆڕێک لە دەسەڵات، سەرمایە و دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان هەیە، شتێکی کە کۆڵبەران نە هەیانە و نە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان تێیدا هەیە.

لە ناوچە کوردنشینەکان، سیاسەتی گەشەپێدانی ئابووری شوێنی خۆی داوە بە ئەمنییەتیکردن. خەڵک لەناو کارگە، قوتابخانە، نەخۆشخانە و ژێرخانەکان، ڕووبەڕووی بازگەکانی پشکنین، سنووردارکردنی هاتوچۆ و مەترسیی تەقەکردن دەبنەوە. ئەنجامی ئەم سیاسەتە ڕوونە: پەرەسەندنی هەژاری، وابەستەیی زیاتری خەڵک بە کارە پڕمەترسییەکان و زیادبوونی ژمارەی کۆڵبەران. کۆڵبەری ئاکامی هەژاری، بێکاری و نادادپەروەریی پێکهاتەییە. تا ئەو کاتەی هەژاری بەسەر ژیانی خەڵکدا زاڵ بێت، قەدەغەکردنی کۆڵبەری بەبێ پێکهێنانی ئەڵتەرناتیڤ و جێگرەوە، تەنیا گوشارەکان زیاتر دەکات. کۆتاییهێنان بەم ڕێگای مەرگە، پێویستی بە سیاسەتێکە کە ژیان و کەرامەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بەسەر قازانج، سەرکوت و ئەمنییەتیکردنی ناوچەکەدا لە پێشینەتر دابنێت.


کۆڵبەران نە تاوانبارن و نە مەترسیی ئەمنیین، ئەوان لە زومرەی کرێکارە لەبیرکراوەکانی ئابوورییەکی نەخۆشن و تا ئەو کاتەش کە دەنگی ئەوان نەبیسرێت، سنوورەکانی کوردستان هەروا وەک ڕێگای مەرگ دەمێننەوە.

# دەرمان، شەڕ و بێباکی بەرامبەر بە ژیانی مرۆڤەکان

قەیرانی دەرمان لە ئێران، نیشانەیەکە لەو نەزمەی کە ژیان و تەندروستیی مرۆڤەکانی بە بارمتە گرتووە. لەژێر سێبەری شەڕێکدا کە داروپەردووەکەی بەسەر خەڵکی بێبەشی ئێراندا دەڕوخێت، بازاڕی دەرمان ڕووبەڕووی سێ قەیرانی هاوکات بووەتەوە: هەڵکشانی سەرسوڕهێنەری نرخەکان، کەمبوونی پێداویستییە سەرەکییەکان و بێتوانایی بیمەکان لە دابینکردنی تێچووی درمان. ئەم سێ قەیرانە بە هەرکامیان بە تەنیاش کارەساتبارن، بەڵام هاوکات لەگەڵ یەکتر، وێنەی کۆمەڵگەیەک یان سیستمێکی سیاسی پێکدەهێنن کە لە پێناو مانەوەی خۆیدا ئامادەیە ژیانی دانیشتوانی وڵات بکاتە قوربانی.

ئامارە فەرمییەکانی خۆی باشترین بەڵگەن بۆ ئەم ئیدیعایە. ڕێکخراوی دەرمان و خۆراک ڕایگەیاندووە کە لە سەرەتای ساڵەوە نرخی زیاتر لە هەزار جۆر دەرمان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوو و تێکڕای زیادبوونەکە نزیکەی ٤٨ لەسەد بووە. بەڵام ئاستی ڕاستەقینەی کارەساتەکە لە دەرمانی نەخۆشە تایبەتەکاندا دەردەکەوێت، لەو شوێنەی کە هەندێک لە دەرمانە زۆر پێویست و سەرەکییەکان بۆ چاندنی گورچیلە، چاندنی مۆخی ئێسک یان چارەسەری شێرپەنجە، لە نێوان ١٠ تا ٢٠ بەرامبەر گرانتر بوون. ئەم زیادبوونە، ئاکامی ڕاستەوخۆی گۆڕانی سیاسەتی دراوی دەوڵەتە، بەبێ ئەوەی کەسێک بیر لە دەرئەنجامەکانی لەسەر جەستەی ئازارچێشتووی نەخۆشەکان بکاتەوە.

ئەم شەڕەی دوایی و لێکەوتەکانی، ئەم قەیرانەی بە شێوازێکی مەترسیدار توندتر کردووەتەوە. دەیان کۆمپانیای دەرمانسازی و ئامێری پزیشکی و نزیکەی پەنجا دەرمانخانە لە خولی پێشووی شەڕدا زیانیان بەرکەوتووە. بەربەستەکانی گواستنەوە، دژواریی گواستنەوەی دراو و خۆبواردنی بانکەکان و کۆمپانیا بیانییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، تەنانەت سەبارەت بەو کاڵایانەش کە بە فەرمی گەمارۆکان نایانگرێتەوە، ڕێڕەوی دابینکردنی دەرمانی بەرتەسکتر کردووەتەوە. نموونەی تاڵی ئەم دۆخە دەکرێت لە چارەنووسی نەخۆشانی هیمۆفیلیی خوزستاندا ببینرێت: نزیکەی هەشت سەد نەخۆشی تووشبوو بە تێکچوونی مەینی خوێن، مانگەکانە دەرمانی پێویستیان پێنەگەیشتووە، بەجۆرێک کە بنکە تەندروستییەکان




ناچار بوون بگەڕێنەوە بۆ شێوازەکانی چارەسەری چوار دەیە پێشتر و تەنانەت یارمەتییەکی کە لەلایەن فیدراسیۆنی جیهانیی هیمۆفیلیشەوە نێردرابوو نەگەیشتووەتە دەستی نەخۆشەکان. لێرەدا ئیتر قسە لە ئابووری و گەمارۆکان نییە، قسە لە ژیانی مرۆڤەکانە کە لە هاوکێشەکانی شەڕ و ئاشتیی حکومەتدا، هیچ قورساییەکی نییە.

خاڵی جێگەی سەرنج، ڕەفتاری خۆدی ناوەندە و دامەزراوە بەرپرسەکانە. لە کاتێکدا بنکەی کاروباری نەخۆشییە تایبەتەکان سەبارەت بە زیادبوونی دە تا بیست بەرامبەری نرخی دەرمانە سەرەکییەکان هۆشداری داوە، سەرۆکی ڕێکخراوی دەرمان و خۆراک هەوڵ دەدات بە چەواشەکردنی پرسی «کەمبوونی دەرمان»، قووڵایی کارەساتەکە بچووک نیشان بدات. ئەم ڕێکخراوە دان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە ئەو نەخۆشخانەی قەرزارن، تەنانەت ئەگەر دەرمانیش لە تۆڕی دابەشکردندا هەبێت، توانای کڕینیان نییە.

قەیرانی بیمە، ئەڵقەیەکی دیکەیە لە هەمان زنجیرەی ستەم. بەپێی خەمڵاندنی سەرۆکی کۆمیسیۆنی تەندروستیی پەرلەمان، پشکی پێدانی ڕاستەوخۆی خەڵک لە تێچووەکانی تەندروستی لە نێوان ٥٥ تا ٧٠ لەسەددایە، ژمارەیەکی کە بە ڕوونی نیشانی دەدات بارگرانیی سەرەکیی تێچووی چارەسەر لەسەر شانی چینی دەستەنگ و کرێکارانە، نەک لەسەر شانی دەوڵەتێکی کە سەرمایەکانی ئەم کۆمەڵگایە و بەرهەمی ڕەنج و چەوسانەوەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بە تاڵان دەبات. نەخۆشە تایبەتەکان لە زۆربەی پارێزگاکان ناچارن تەواوی تێچووی دەرمان بەشێوەی نەختینە بدەن و دواتر ماوەیەکی زۆر دەبێت چاوەڕوان بن تا پشکی بیمەکەیان بۆ دەگەڕێننەوە، پڕۆسەیەکی کە بەکردەوە دەرمانی کردووە بە ئیمتیازێکی چینایەتی: هەرکەس پارەی هەیە، چارەسەر دەبێت، هەرکەس نییەتی، دەبێت ئازار بچێژێت یان بمرێت.

وابەستەیی ئەم قەیرانانە بە سیاستە گشتییەکانی حکومەتەوە، بەڕێکەوت نییە. نزیکەی ٧٠ لەسەدی نرخی تەواوبووی دەرمان لە هەڵاوسانی گشتی و نرخی دراوی ئازادەوە کاریگەری وەردەگرێت، هەڵاوسانێکی کە خۆی بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاستە ئابوورییەکان، نیزامیگەری ناوچەیی و سووربوونی دەسەڵاتە لەسەر بەردەوامبوونی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کە تێچووەکەی چینی کرێکار و توێژە هەژارەکان دەیدەن. شەڕ، گەمارۆ و خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری، ئامرازێکن لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی سیاسیدا.

ئەوەی لە پشت ئەم ژمارە و ڕاپۆرتانەوە دەردەکەوێت، شکڵگرتنی قەیرانێکە کە ڕاستەوخۆ ژیان و تەندروستیی خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیەی کردووەتە ئامانج. نەخۆشێک کە دەرمانەکەی لە بازاڕدا هەیە بەڵام توانای کڕینی نییە، بیمەیەکی کە تەنیا لەسەر کاغەز بوونی هەیە، نەخۆشخانەیەکی کە دەرمانی هەیە بەڵام بەهۆی قەرزەوە ناتوانێت بیخاتە بەردەست نەخۆشەکان، ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم قەیرانە دەردەخەن. کار گەیشتووەتە جێگایەک کە لە زۆرجار لە نەخۆشخانەکان هەندێک جۆری دەرمان بە ئارەزووی خۆیان لە ڕەچەتەی نەخۆش دەسڕنەوە یان دۆزەکەی کەمدەکەنەوە.

لە کۆتاییدا، ئەوەی کە قەیرانی دەرمان لە ئێران ئاشکرا دەکات، ئەولەوییەتە ڕاستەقینەکانی سیستەمێکە کە لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتی خۆیدا، ئامادەیە هەر تێچوویەک بخاتە سەر شانی کرێکاران، نەخۆشەکان و چین و توێژە کەمدرامەتەکان، سیستەمێکی کە تەنانەت دەرمانی سەرەکی منداڵێکی نەخۆش یان زەحمەتکێشێکی تووشبوو بە شەکرەش دەکاتە قوربانیی ئەولەوییەتی کۆنەپەرستانەی خۆی. تا ئەو کاتەی ئەم ئەولەوییەتە گۆڕانکاریی بەسەردا نەیەت، ڕێژەی ئەو مەرگ و نەخۆشیانەی کە دەکرێ پێشگیرییان لێ بکرێت تادێت زیاتر دەبێت.

********

# سەرکوت لەژێر سێبەری شەڕدا
## سەبارەت بە شەپۆلی نوێی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی لە ئێران

کۆماری ئیسلامی لە مانگەکانی دواییدا جارێکی دیکە پەتی سێدارەی کردووەتەوە بە یەکێک لە سەرەکیترین ئامرازەکانی حوکمڕانیی خۆی. ئەمجارەیان، لەژێر پەردەی شەڕ و بە پەنابردن بۆ دروشمی «ئەمنییەتی میللی»، بازنەی سەرکوتی قەزایی بە شێوەیەکی بێوێنە فراوان بووە و زنجیرەیەک لە خۆپیشاندەرانی سەرشەقام، زیندانیانی سیاسی و تۆمەتبارانی بەناوب «سیخوڕی» گرتووەتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، خاڵی وەرچەرخانی ئەم شەپۆلە، ٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ و هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی چل ڕۆژە، لەو بەروارەوە، دەزگای سەرکوتی دادوەری خێراییەکی زیاتری بەخۆیەوە بینی. لەم ماوەیەدا، لانیکەم ٥٣ زیندانیی سیاسی لەسێدارە دراون: ١٢ کەس بە تۆمەتی سیخوڕی، ٢٦ کەس لە دەستبەسەرکراوانی خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ١٤٠٤، دوو کەس لە خۆپیشاندەرانی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» و ١٣ زیندانیی سیاسیی سەر بە گرووپە دژبەرەکانی دەسەڵات.

لە تازەترین حاڵەتدا، ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژی ١٤٠٥ هەواڵی لەسێدارەدانی ئومێد بێهزاد و پووریا سەفوەتیان بڵاوکردەوە، دوو تۆمەتبار کە پێشتر دانپێدانانەکانیان لە تەلەویزیۆنی دەوڵەتییەو بڵاو کرابووەوە. بەرپرسانی دادوەری ئیدیعا دەکەن کە ناوبراوان لە جریان شەڕی دوازدە ڕۆژە و چل ڕۆژەکەدا، شوێنی بنکە سەربازییەکانیان داوەتە ئیسرائیل. بەڵام، بڵاوکردنەوەی دانپێدانانی تەلەوزیۆنی، بەتایبەت پێش بەڕێوەچوونی دادگایەکی ئاشکرا و دادپەروەرانە، نەک هەر نیشانەی سەلماندنی تاوان نییە، بەڵکوو بەڵگەیەکی جددییە لەسەر پێشێلکردنی مافی تۆمەتباران و سەپاندنی گوشار بۆ سەریان.

لە هەفتەی ڕابردوودا، ئیسفەهان بووەتە یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی ئەم سەرکوتە. لە ٢٨ی پوشپەڕی ١٤٠٥، عێرفان ئیسفەندیاری و گوڵمحەممەد محەممەدی، لە تۆمەتبارانی دۆسیەی ناسراو بە «مەیدانی عەلیخانی»، لەسێدارە دران. ئەم دۆسیەیە کە ٥٩ تۆمەتباری هەیە، تا ئێستا بووەتە هۆی دەرکردنی لانیکەم ١٢ حوکمی سێدارە. هەندێک لە تۆمەتباران تەنانەت زیاتر لە جارێک حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپێنراوە و هەشت کەسی دیکەش هێشتا لەژێر مەترسیی جێبەجێکردنی حوکمەکەیاندان.

لە درێژەی ئەم پرۆسەیەدا، ئێوارەی ٥ی گەلاوێژ، لە مەیدانی عەلیخانیی ئیسفەهان پەتی سێدارە هەڵواسرا و بنەماڵەی چەند تۆمەتبارێک بۆ «دوا دیدار» بانگهێشت کران. بەپێی ئەو وێنانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراوەکان کراوەتەوە، خەڵک هەوڵیانداوە لە مەیدانەکە کۆببنەوە، بەڵام لەگەڵ توندوتیژیی مەئموووران بەرەوڕوو بوونەتەوە. ڕۆژی دواتر، واتە ٦ی گەلاوێژ، هاووڵاتییانی ئیسفەهانی لە نارەزایەتی بەرامبەر بە لەسێدارەدانی دوو خۆپیشاندەری دیکەی مانگی بەفرانبار، ئەبولفەزل سپاهی بادجانی و ئەمیرحوسێن سەفەری حوسێنآبادی، هاتنە سەر شەقام. ئامادەبوونی خەڵک لەم نارەزایەتییانەدا دەریخست کە دەسەڵات، سەرەڕای کەشوهەوای قورسی ئەمنی، هێشتا نەیتوانیوە ویژدانی گشتی خامۆش بکات.

لە ٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٥، غوڵامحوسێن موحسینی ئێژەیی، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، فەرمانی دا دۆسیەکانی پەیوەندیدار بە «هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل» لە بارودۆخی شەڕدا بە شێوەیەکی بەپەلە و بەبێ نۆرە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت. ئەو لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای دادوەریدا جەختی لەسەر جێبەجێکردنی «خێرا و بێ چاوپۆشی»ی قورسترین سزاکان کردەوە. ئەم فەرمانە، زەمینەی پەرەسەندنی پەروەندەسازی ڕەخساند لەدژی ئەو کەسانەی کە تۆمەتبار کراون بە بڵاوکردنەوەی زانیاری یاخود وێنەی «شوێنە هەستیارەکان» لە ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی وڵات.

پێداچوونەوەی بەپەلە و بەبێ نۆرە بۆ دۆسیەگەلێکی کە ڕەنگە ببنە هۆی دەرکردنی حوکمی سێدارە، لەگەڵ سەرەتاییترین بنەماکانی دادپەروەریی قەزاییدا ناتەبایە. لە زۆربەی ئەم دۆسیانەدا، تۆمەتباران لە مافی دەستڕاگەیشتن بە پارێزەری هەڵبژێردراوی خۆیان بێبەشن، قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن ڕوون نین و دانپێدانانەکان لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا وەردەگیرێن و پاشان لە تەلەوزیۆنەوە بڵاو دەکرێنەوە.

لە کۆماری ئیسلامیدا، دادگا شوێنی دۆزینەوەی ڕاستی نییە، بەڵکوو بووەتە ئامرازێک بۆ پەردەپۆش کردنی بڕیارێکی کە لە پێشدا دراوە.

لە ئاوا بارودۆخێکدا، تۆمەتگەلێکی وەک «سیخوڕی»، «موحاربە» (دژایەتیکردنی خوا) و «کردەوە دژی ئاسایشی نەتەوەیی» ئیتر مەرج نییە پێناسەیەکی وردی تاوانێکی دیاریکراو بن، بەڵکوو بوونەتە ئامرازێک بۆ کپکردنەوەی هەر دەنگێکی نارازی. دەسەڵات، لە سەردەمی قەیران و شەڕدا، لەبری وەڵامدانەوە بە هەژاری، هەڵاواردن، بێکاری و نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ نەوەی گەنج، پەنا دەباتە بەر زمانی مەرگ و کوشتن. ئەو گەنجانەی کە دەچنە پای سێدارە، زۆربەیان تەنیا بیست و چەند ساڵێک تەمەنیانە، لە کۆمەڵگەیەکدا گەورە بوون کە پڕە لە هەژاری، سەرکوت، شەڕ و ئایندەیەکی نادیار، و مافی خۆیانە لە دۆخی ئێستا نارازی بن.

لەسێدارەدان بەم مانایەدا، بەشێکە لە سیاستی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ترس لە سەرتاسەری کۆمەڵگەدا. ئامانجەکەی بریتییە لە بێدەنگکردنی شەقام، چاوترسێن کردنی بنەماڵەکان و ڕێگریکردن لە نەوەی گەنج لە دەربڕینی نارەزایەتی و بەرگریکردن لە مافەکانی خۆیان. دەسەڵات دەیەوێت خەڵک بڕوا بەوە بکەن کە هەر نارەزایەتییەک، هەر نووسینێک و بڵاوکردنەوەی هەر وێنەیەک دەکرێت بێتە هۆی تۆمەتێکی ئەمنییەتی و لە کۆتاییدا سزای لەسێدارەدانی بەدواوە بێت.

بەڵام کاردانەوەی خەڵکی ئیسفەهان لە بەرامبەر پەتی سێدارەی مەیدانی عەلیخانی نیشانی دەدات کە ئەم سیاسەتە، لانیکەم بەو شێوەیەی دەسەڵات دەیەوێت، کارساز نییە. خەڵک، سەرباری مەترسیی دەستبەسەرکردن و سەرکوت، لە بەرامبەر بە سێدارەکان وەستاونەتەوە. ئەوان دەزانن کە لەسێدارەدانی گەنجێک، تەنیا سزادانی تاکێک نییە، بەڵکوو زەبرێکە بەر بنەماڵە، بەر شار و بەر ویژدانی بەکۆمەڵی کۆمەڵگە دەکەوێت.

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران نە شەڕی دەرەکییان دەوێت و نە شەڕی دەسەڵات لەدژی خەڵکی خۆی. ئەوان ئاسایش، نان، ئازادی، دادپەروەری، کەرامەتی ئینسانی و ئایندەیەکی ڕوونیان دەوێت. نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر کۆماری ئیسلامی، خیانەت نییە لە وڵات، بەڵکوو بەرگریکردنە لە مافی خەڵک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بە خۆشاردنەوە لە پشت شەڕەوە، بەرپرسیارێتیی سەرکوت و لەسێدارەدان لەسەر شانی خۆی لابات.

لەم پەیوەندییەدا ئێمە خوازیاری ئەم داواکارییە ڕوونانەین:

- ڕاگرتنی بەپەلەی سەرجەم لەسێدارەدانەکان، بەتایبەت لە دۆسیە سیاسی و ئەمنییەکاندا،
- هەڵوەشاندنەوەی حوکمی سێدارەی خۆپیشاندەرانی بەفرانباری ١٤٠٤، خۆپیشاندەرانی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» و زیندانیانی دیکەی سیاسی،
- بەڕێوەبردنی دادگای ئاشکرا، سەربەخۆ و دادپەروەرانە بە ئامادەبوونی پارێزەری هەڵبژێردراوی تۆمەتباران،
- کۆتاییهێنان بە ئەشکەنجە، دانپێدانانی زۆرەملێ و بڵاوکردنەوەی دانپێدانانی تەلەوزیۆنی
- بێبایەخکردنی هەر دانپێدانانێک کە لەژێر گوشار، هەڕەشە یاخود ئەشکەنجەدا وەرگیرابێت،
- پێدانی زانیاری ڕوون دەربارەی دۆخی هەموو زیندانیان و شوێنی ڕاگرتنیان،
- و ئازادکردنی بێ شەرتومەرجی سەرجەم ئەو کەسانەی کە تەنیا بەهۆی نارەزایەتی، دەربڕینی بیروباوەڕ و بەرگریکردن لە مافی خەڵک لە زینداندان.

********

# ڕۆژی جیهانیی لاوان و باری گوزەرانی لاوان لە ئێران

١٢ی ئاگۆست بەرامبەر لەگەڵ ٢١ی گەلاوێژ، ڕۆژی جیهانیی لاوانە. کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ١٧ی دێسامبری ١٩٩٩ ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی جیهانیی لاوان ڕاگەیاند. ئەگەرچی بۆنەیەکی لەم چەشنە تا ئێستا گرێیەکی لە کێشە و گرفتەکانی لاوان نەکردووەتەوە، بە تایبەت لە وڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەداریدا، بەڵام لانیکەم دەرفەتێکە بۆ ئاوردانەوە لە بارودۆخی لاوان لە وڵاتێکی وەک ئێراندا، وڵاتێکی کە لە ژێر سێبەری ڕژێمێکی دیکتاتۆر و دژی ئازادیدا، بەشێکی زۆر لە سەرمایەی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەلاڕێدا دەبات.

کۆمەڵگەی ئێران بەراورد بە وڵاتانی تر خاوەنی یەکێک لە گەنجترین دانیشتووانی جیهانە. لاوانی تەمەن ١٥ بۆ ٣٠ ساڵ نزیکەی ٣٦ ملیۆن کەس لە کۆی گشتی دانیشتووانی وڵات پێکدەهێنن و لەم نێوەندەشدا نزیکەی ١٤ ملیۆن کەسیان خاوەنی بڕوانامەی زانکۆن. بەڵام دەستکەوتی ئەم ڕێژە بەرزەی دانیشتووانی گەنج و خوێندەوار، هەر بەو ئەندازەیەش زۆرترین بێبەشیی و زیانە کۆمەڵایەتییەکانی نەسیبی ئەو توێژە کردووە. یەکێک لە گرنگترین و بەئازارترین ئاڵنگارییەکانی بەردەم لاوانی ئێران، بێکاریی بەربڵاوە، بێکارییەکی کە بە تایبەتی بەرۆکی دەرچووانی زانکۆکانی گرتووە. سەرەڕای هەزینەی زۆری بنەماڵەکان لەسەر پەروەردەی منداڵەکانیان، بەشێکی بەرچاو لە دەرچووانی زانکۆکان ڕووبەڕووی بازاڕێکی کاری نەشیاو و دەرفەتی پیشەیی زۆر سنووردار دەبنەوە. بەپێی ئامارە نیمچەڕەسمییەکان، بێکاریی لاوانی خوێندەوار لە ئێران گەیشتووەتە زیاتر لە ٥٠ لەسەد. تەنانەت ئاژانسەکانی هەواڵی نزیک لە دەسەڵاتیش، لەوانە تەسنیم، دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە کە بێتوانایی دەرچووانی زانکۆ لە پەیداکردنی کارێکی گونجاو لەگەڵ بواری خوێندنەکەیاندا، ئەوانی بەرەو هەندێک کاری وەک دەستفرۆشی بردووە.

ئەگەر تا دوێنێ بنەماڵەکان پێیان وابوو کە منداڵەکانیان دەنێرنە زانکۆ تا لە داهاتوودا کارێکی شایستەیان دەستبکەوێت، ئەوا ئەمڕۆ دەبینن کە نەک هەر ئەم ئامانجەیان نەهاتووەتە دی، بەڵکوو خوێندنی زانکۆ خۆی بووەتە ئاستەنگێک لەبەرامبەر دۆزینەوەی کاردا. لاوێکی کە بە هەزاران ئاواتەوە و دوای تێپەڕاندنی دەیان کۆسپ کە ڕژێم یان هەژاریی لەڕادەبەدەری مادی خستوویەتە سەر ڕێگەی، سەرەنجام بڕوانامەیەک لە بەشی ئامادەیی، پەیمانگا یان زانکۆ وەردەگرێت و دوای بەفیڕۆدانی دوو ساڵ لە تەمەنی لە خزمەتی سەربازیی زۆرەملێدا بۆ ئەم ڕژێمە، دیسانیش هیچ هیوایەکی بە دۆزینەوەی کارێکی گونجاو لەگەڵ بڕوانامەکەی نییە و هەست بە ڕەنجبەخساری دەکات.

حاڵ و ڕۆژی لاوێکی کە بە هۆی بێکاری و نەبوونی سەرچاوەیەکی دارایی سەربەخۆ، خۆی بە بارگرانیی بنەماڵەکەی دەزانێت و تەنانەت توانای دابینکردنی تێچووی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزانی نییە، دەبێت چۆن بێت؟ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، لاوان نەک هەر لە شادی و جۆش و خرۆشی سەردەمی گەنجێتی بێبەشن، بەڵکوو دەرفەتێکیش بەدەست ناهێنن بۆ گەشەپێدانی توانا و بەهرەکانی خۆیان. جێی سەرسوڕمان نییە کە لە بارودۆخێکی ئاوادا، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و نەخۆشییە دەروونییەکان لە نێو لاوندا بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە و زۆربەیان لە بەردەم مەترسیی زیانە کۆمەڵایەتییە بەئازارەکاندان، لەوانەش گیرۆدەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان. زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە گیرۆدەبووانی ماددە هۆشبەرەکان لە ئێران تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵییەوەیە و مامناوەندی تەمەنی گیرۆدەبوون گەیشتووەتە ١٣ ساڵ، ئامارێکی کە بە تەنیا بەیانگەری قووڵایی ئەو کارەساتەیە کە ڕژێمی ئیسلامی بەسەر نەوەی گەنجی ئەم وڵاتەیدا هێناوە.

پێویستە جەخت لەسەر ئەم ڕاستییەش بکرێتەوە کە ئەگەرچی لاوانی ئێران بەهۆی دەسەڵاتی ڕژێمێکی کۆنەپەرست و دژی ئازادییەوە خاوەنی کێشە و گرفتی هاوبەشن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە سەر بە چین و توێژە جیاوازەکانن، ئازار و مەینەتییەکانیان وەک یەک نییە.

⬅

ئاشکرایە کە کێشە و گرفتەکانی لاوانی سەر بە چین و توێژە هەژار و کەمدرامەتەکانی کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەو گەنجانەی کە لەژێر چەتری پاراستنی خێزانێکی دارا و دەوڵەمەنددان، جیاوازە. بەڵام گەنجێکی کە بەهرەکانی لەلایەن ڕژێمێکی کۆنەپەرستەوە بەندکراوە، گەنجێکی کە باشترین ساڵەکانی تەمەنی لە قوتابخانە، ئامادەیی و زانکۆدا لە ژێر گوشاری پەروەردەیەکی دژەزانستی و کۆنەپەرستانەدا بەفیڕۆ چووە، گەنجێکی کە تەنانەت ئازادیی هەڵبژاردنی جلوبەرگی لێ زەوت کراوە، ئەو کچانەی کە مافی تەماشاکردنی یارییە وەرزشییەکانیان نییە، و هەروەها ئەو گەنجەی کە بەهۆی بچووکترین ناڕەزایەتی بەرامبەر بە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەستبەسەر و ئەشکەنجە دەکرێت، هەموویان لەگەڵ لاوانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشدا خاوەنی ئازارێکی هاوبەشن. ڕزگاربوونی ئەم زۆرینە گەورەیە لەو بارودۆخە نامرۆڤانەیە، تەنیا لە ڕێگەی هاوپشتی لەگەڵ خەباتی چینی کرێکارەوە دەستەبەر دەبێت، چینێکی کە ڕزگاربوونی لە دەست ڕژێمی ئیسلامی و پەیوەندییە چەوسێنەرەکانی ئێستا، چارەنووسی لاوانی ئێرانیش دەگۆڕێت.

وێنەی ژیانی لاوان لە ئێران بەبێ جەختکردنەوە لەسەر ڕاستییەکی ئومێدبەخش، کە لە پاڵ هەموو ئەم مەینەتییانەدا دەبینرێت، وێنایەکی ناتەواوە. ڕژێمی ئیسلامی لە ماوەی نزیکەی نیو سەدە دەسەڵاتی خۆیدا، چەندین پرۆژەی بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر جەستە و دەروونی لاواندا جێبەجێ کرد، بەڵام هەموو ئەم پرۆژانە لە بەرامبەر شەپۆلی بزووتنەوەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەدا بوونەتە بڵقی سەر ئاو. لە ڕاستیدا، سەرجەم وەبەرهێنانەکانی ڕژێم لە ماوەی چل و چەند ساڵی ڕابردوو لەم بوارەدا بەفیڕۆ چووە. هەربۆیە ئەم ڕژێمە بەردەوام لە هەوڵی تۆڵەسەندنەوەدایە لەو لاوانەی کە لە سەردەمی قوتابخانە و ئامادەییدا نەیتوانی بەپێی ویست و ئۆلگۆی خۆی، مێشکوشک، سەر شۆڕ و بێئیرادە پەروەردەیان بکات.

بەشێکی بەرین لە لاوانی ئێران ئەگەرچی بێکارن و لە سەرەتاییترین دەرفەتەکان بۆ بەهرەمەندبوون لە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی سەردەمی گەنجێتی بێبەشن، بەڵام تەسلیمی ئەو دۆخەی ئێستا نەبوون و ڕێگەی خەبات و بەرهەڵستکارییان بەرامبەر ئەم ڕژێمە گرتووەتە بەر. ئەوان بە شێوازی جۆراوجۆر بەگژ ئەو دۆخەی ئێستادا چوونەتەوە و ڕێگەی نوێ بۆ دەربڕینی ویست و داواکارییەکانیان دەدۆزنەوە، خەبات و خۆڕاگرییەکی کە نەک هەر لە خۆپێشاندانی سەرشەقامەکان، بەڵکوو لە فەرهەنگ، هونەر، ئەدەبیات و تەنانەت شێوازی ژیانی ڕۆژانەیاندا بە ئاشکرا دەبینرێت.

لووتکەی ئەم خەبات و خۆڕاگرییەمان لە ئاخێزی «ژن، ژیان، ئازادی» لە پاییزی ساڵی ١٤٠١دا بینی، ئاخێزێکی کە نیشانیدا نەوەی گەنجی ئێران چیتر ئەو دۆخەی ئێستا قبووڵ ناکات. لاوان و تازەلاوان بەوپەڕی بوێری و فیداکارییەوە لە سەرانسەری وڵات هاتنە سەر شەقامەکان و خوازیاری گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بوون. ئەم ئاخێزە سەلماندی کە لاوانی ئێران خاوەنی توانا و هێزێکی بەرزی کۆمەڵایەتین بۆ گۆڕانکاری. واقیعییەت ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو سەختی و سەرکوتکارییەکان، وەرەی خەبات و بەرخۆدان لە نێو لاوانی ئێراندا هێشتا زیندووە. ئەوان ئەو شێوازە لە ژیانیان کە کۆماری ئیسلامی بەسەریدا سەپاندوون قبووڵ نەکردووە و پاشەکشەیان بە فەرهەنگی زاڵ کردووە، لە فەزای مەجازیی، لە زانکۆکان، لە گەڕەکەکان و تەنانەت لە ناو جەرگەی بنەماڵەکانیشدا، لاوان بە شێوازێکی داهێنەرانە و جۆراوجۆر لە هەوڵی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی فەرهەنگی کۆمەڵگەدان.

لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، وەبیرهێنانەوەی بارودۆخی لاوانی ئێران، نەک نەریتێکی تەشریفاتی، بەڵکوو بانگەوازێکە بۆ هاوپشتی لەگەڵ نەوەیەکی کە سەرەڕای بێکاری، هەژاری، سەرکوت و زیانە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان، هێشتا هیوای بۆ گۆڕانکاری بە زیندوویی ڕاگرتووە. ڕزگاربوونی ئەم نەوەیە، جیا لە ڕزگاربوونی چینی کرێکاری ئێران لە ژێر کۆتوبەندی چەوسانەوە و ستەم و سەرەڕۆیی ئەستەمە، و هاوپشتیی لاوان لەگەڵ ئەم خەباتە، ڕێگەیەکە کە ئەزموونی مێژوویی چەند دەیەی ڕابردووی ئێران گەلێک جار سەلماندوویەتی.

********

# خانەنشینانی ئێران، پەرەسەندنی هەژاری و دەنگی ناڕەزایەتی




لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی ڕابردوودا، ناڕەزایەتییەکانی خانەنشینان لە ئێران، بەتایبەت کۆبوونەوەکانی هەفتانەی ڕۆژانی یەکشەممە و دووشەممە، بەردەوام بوون. ئەم ناڕەزایەتییانە ئیتر تەنیا پەرچەکردارێک نین بەرامبەر بە ڕێژەی زیادبوونی حەقدەست، بەڵکوو کۆمەڵێک داواکاریی بژێوی، دەرمانی، خۆشگوزەرانی و پیشەیی لەخۆ دەگرن. ئەو خانەنشینانەی ساڵانێکی زۆر کاریان کردووە، ئێستا بۆ دابینکردنی خەرجییە سەرەتاییەکانی ژیان و دەستراگەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییە گونجاوەکان، ناچارن گەلێک جار بێنە سەر شەقامەکان و لە بەرامبەر بینا حکومی و ئیدارییەکاندا کۆببنەوە.

لە نوێترین شەپۆلی ناڕەزایەتییەکاندا، ڕۆژێک دوای کۆبوونەوەی خانەنشینانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی و سندوقی فولاد لە چەندین شار، خانەنشینانی بەشی مخابەراتیش لە ئیسفەهان، کرماشان، ئەراک، بیجاڕ و شارەکانی تری پارێزگای کوردستان دەستیاندایە کۆبوونەوە و ناڕەزایەتی. ڕاپۆرت و وێنە بڵاوکراوەکان نیشان دەدەن کە خانەنشینانی مخابرات ڕۆژی دووشەممە لە بەرامبەر بیناکانی ئەم کۆمپانیایە کۆبوونەوە. لە ئیسفەهان، ئەم کۆبوونەوەیە لە بەرامبەر بینای ناوەندیی مخابرات لە چوارباغی سەرەو بەڕێوەچوو. نارازییان بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا و پشکدارە سەرەکییەکانیان بە کەمتەرخەمی بەرامبەر بە مافە یاسایی و داواکارییە کەڵەکەبووەکانیان تۆمەتبار کرد. هاوکات، خانەنشینان و مووچەخۆرانی سندوقی فولاد لە ئیسفەهان بۆ دووەم ڕۆژی بەردەوام بەرامبەر بە دۆخی بژێوی و جێبەجێ نەبوونی تەواوی داواکارییەکانیان ناڕەزایەتییان دەربڕی.

خانەنشینانی مخابرات لە کرماشان ڕایانگەیاند کە چوار ساڵە کۆبوونەوەی هەفتەیی بەڕێوە دەبەن، بەڵام تا هێشتا وەڵامێکی ڕوونیان وەرنەگرتووە. گۆڕینی مەرجەکانی «بیمەی ئەکمەڵ»، نەدانی داواکارییە داراییەکان، کەمبوونەوەی ئیمتیازە خۆشگوزەرانییەکان و جێبەجێ نەکردنی تەواوی ئاییننامەی دامەزراندن و خۆشگوزەرانی، لە زومرەی گرنگترین تەوەرەکانی ناڕەزایەتییەکانیان بوون. چەند ڕاپۆرتێکی جیاوازیش سەبارەت بە کۆبوونەوەی خانەنشینانی مخابرات لە شارەکانی ئەراک، بیجاڕ و پارێزگای کوردستانیش بڵاوکراوەتەوە.

لە شوش، خانەنشینانی دابینکردنی کۆمەڵایەتیی شوش، کەرخە و هەفتتەپە، سەرەڕای گەرمای تاقەتپڕوکێنیش، سەرەتا لە بەرامبەر بینای ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی کۆبوونەوە و پاشان لە شەقامەکانی شاردا ڕێپێوانیان کرد. ئەوان جگە لە پرسە ئابوورییەکان، لە دژی شەڕ و سیاستە شەڕخوازییەکانیش دروشمیان دا. لە ئەهوازیش دروشمی دژبە شەڕخوازی و گرانی بیسترا. خانەنشینانی کرماشان وێڕای ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە هەڵاوسان و دابەزینی توانای کڕین، دروشمی «هەڵاوسان، گرانی، نا بۆ شەڕ و وێرانی»یان بەرز کردەوە. هەندێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکانیش خوازیاری ئازادکردنی موعەلیمان، کرێکاران و نارازییانی تری زیندانی و ڕاگرتنی ئێعدامەکان بوون. لە دێزفول، خانەنشینان دوای کۆبوونەوە لە بەردەم ئیدارەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، بەرەو نوسینگەی نوێنەری ئەم شارە لە پەرلەمان ڕێپێوانیان کرد. لە تارانیش چەند گرووپێک لە خانەنشینانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی و موعەلیمان لە بەردەم بینای ناوەندیی ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی ئامادە بوون.

یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی خانەنشینانی مخابرات، بریتییە لە دۆخی بیمەی تەواوکاری (تکمیلی) و دەرمانە. ئەوان دەڵێن سەرەڕای بڕینی پارەی بیمە لە مووچەکانیان، دواکەوتنی دانی قەرزەکانی کۆمپانیای مخابرات بە کۆمپانیای بیمە، زۆر جار دەستڕاگەیشتنی ئەوانی بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان تووشی ئاستەنگ کردووە. لە دۆخێکدا کە خەرجیی دەرمان، نەخۆشخانە، نەشتەرگەری و چاودێریی پزیشکی بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر زیادی کردووە، پچڕان یاخود سنوورداربوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەتوانێت بنەماڵەی خانەنشینان ڕووبەڕووی قەیرانێکی جددی بکاتەوە.

داواکارییە هاوبەشەکانی ئەم کۆبوونەوانە دەکرێت لە چەند تەوەری سەرەکیدا کورت بکرێنەوە:

- جێبەجێکردنی تەواو، دادپەروەرانە و بێ جیاوازیی گەڵاڵەی هاوسەنگ کردنی حەقدەست،
- دانی دەستبەجێی پاشەکەوت و داواکارییە داراییەکانی مانگەکانی ڕابردوو،
- زیادکردنی مووچەی خانەنشینی بەپێی خەرجیی ڕاستەقینەی ژیان و ڕێژەی هەڵاوسان،
- جێبەجێکردنی ماددەی ٥٤ی یاسای دابینکردنی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان،
- باشترکردنی بیمەی تەواوکاری (تکمیلی) و دانی ڕێکوپێکی خەرجییەکانی دەرمان،
- جێبەجێکردنی تەواوی ئاییننامەکانی دامەزراندن و خۆشگوزەرانیی خانەنشینانی مخابرات،
- گەڕاندنەوەی برە پارەی بردراوی مووچە،
- دابینکردنی ئیمتیازاتی پاشماوەکان (وارثان)،
- پاراستنی سەربەخۆیی و شەفافییەتی دارایی سندوقەکانی خانەنشینی و هەروەها
- چیتر قورسایی خەرجیی دەرمان و ژیان تەنها نەخرێتە سەر شانی خودی خانەنشینان.

ئەم داواکارییانە، داوایەکی لانیکەم و سەرەتایین، نەک ئیمتیازی تایبەت. خانەنشینان ساڵانێکی زۆر حەقی بیمە و باجیان داوە و ئێستا چاوەڕوانیی ئەوەیان هەیە کە لە مافێکی گونجاو لەگەڵ پێشینەی کار و خەرجییە ڕاستەقینەکانی ژیانیان بەهرەمەند بن. مووچەیەکی کە لەگەڵ کرێی خانوو، خۆراک، دەرمان و خەرجییە پێویستەکانی تردا نەگونجێت، بە کردەوە خانەنشین بەرەو هەژاری و وابەستەیی خێزانی پاڵ پێوە دەنێت. هاوکات لەگەڵ بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان، فەزلوڵڵا ڕەنجبەر، وتەبێژی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی پارلمان ڕایگەیاند کە وەزیری تەعاون، کار و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی لە دانیشتنی ئەم کۆمیسیۆنەدا وتوویەتی ئەگەری هەیە دانی ماف و حەقدەستە دواکەوتووەکان، هاوسەنگ کردن و زیادکردنی مووچەی خانەنشینانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی لە ١٠ای خەرمانانەوە دەست پێبکات. هەروەها بڕیار دراوە کێشەی هاوسەنگ کردنی مووچەی خانەنشینانی مخابرات لە کۆمیتەیەکی شارەزادا تاوتوێ بکرێت.

سەرەڕای ئەوەش، تا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە، هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراو، خشتەیەکی فەرمیی دانی مووچە و زەمانەتێکی ڕوونی جێبەجێکردن ڕانەگەیەندراوبوو. بەم هۆیەوە، ئەم بەڵێنەش نەیتوانیوە ڕێگری لە بەردەوامبوونی کۆبوونەوەکان بکات. ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو نیشانی داوە کە ڕاگەیاندنی بەڵێن، بەبێ دانی ڕاستەقینە و شەفافسازی سەبارەت بە سەرچاوە داراییەکان، تەنیا بێباوەڕیی خانەنشینان زیاتر دەکات. خانەنشینان بوونەتە یەکێک لە هێزە گرنگەکانی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران. ئەوان ئەزموونی ڕێکخستن، بەردەوامی و بەدواداچوونی بەکۆمەڵیان هەیە و دەزانن کە بەبێ گوشاری کۆمەڵایەتی، زۆربەی ویست و داواکارییەکانیان پشتگوێ دەخرێن. دوای ئاخێزی «ژن، ژیان، ئازادی»، بڕوابەخۆبوون و توانای ناڕەزایەتیی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، لەوانە خانەنشینان، زیادی کردووە. قەیرانی خانەنشینان بەشێکە لە قەیرانی گشتیی ژیانی مووچەخۆران و خەڵکی کەمدرامەت. گرانی، دابەزینی توانای کڕین، نەمان یان کەمبوونەوەی خۆراکە بنەڕەتییەکان لەسەر سفرەی خەڵک، بەرزبوونەوەی کرێی خانوو و لاوازیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ملیۆنان کەسی لەگەڵ هەژاری بەرەوڕوو کردووە. خانەنشینان، کە بەشی هەرەزۆریان سەر بە توێژی زەحمەتکێشی کۆمەڵگەن، ئەمڕۆ بوونەتە قوربانیی هەڵاوسان، سیاستە ئابوورییە هەڵەکان و کەمتەرخەمی بەرامبەر بە مافە کۆمەڵایەتییەکانیان.

بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکانیان نیشان دەدات کە خانەنشینان ئیتر تەنیا بە بەڵێنی گشتی قەناعەت ناکەن. وەڵامی ڕاستەقینە بۆ ئەم دۆخە، بریتییە لە دانی دەستبەجێی داواکارییە داراییەکان، دابینکردنی دەرمانی بێبەرامبەر و خاوەن کوالیتی، زیادکردنی حەقدەست بەپێی ژیانێکی شایستە و زەمانەتکردنی مافی ناڕەزایەتی و ڕێکخراوبوون. بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی شایستە مافی خانەنشینانە، نەک ئیمتیازێکی کە بکرێت بە داهاتوویەکی نادیار بسپێردرێت.

********

# پەرەسەندنی ئاڵوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر لە نێو خوێندکاران لە ئێران

پەرەسەندنی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە نێو خوێندکاران و تازەلاوان، ئەمڕۆ بووەتە یەکێک لە جیدیترین ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران، قەیرانێکی کە نەک هەر تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی نەوەیەک دەخاتە مەترسییەوە، بەڵکوو داهاتووی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ملیۆنان تازەلاویشی ڕووبەڕووی مەترسی کردووەتەوە. خاڵی جێگەی نیگەرانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە خەریکە تەمەنی زۆر نزمتر و تەنانەت ئەو فەزایانەش دەگرێتەوە کە تا دوێنێ لە مەترسییەکانی ئەم بەڵایە پارێزراو بوون. قوتابخانە سەرەتاییەکان، گەڕەکە کرێکارییەکان و تەنانەت بێشکەی منداڵان لە زومرەی ئەوانەن.

بەپێی ڕاپۆرتە مەیدانییەکانی بەرپرسانی بێهزیستی لە هەندێک لە شارەکانی پارێزگای خۆراسان، ئەوەی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی سەرەکی زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی خوێندکاران ڕوو بکەنە ماددەی هۆشبەر، ماددەیەکە بە ناوی «ناس»، ماددەیەکی کە بەهۆی بۆشایی یاساییەوە، فرۆشتنی بە تاوان ئەژمار ناکرێت و لە ئەنجامدا بەئاسانی لە سوپەرمارکێتەکانی دەوروبەری قوتابخانەکان لەبەردەستی منداڵان و تازەلاواندایە. بە وتەی بەرپرسانی ناوچەکە بەکارهێنانی ئەم ماددەیە تەنانەت لە قۆناغی دووەمی سەرەتاییەوە دەستی پێکردووە و لە قۆناغی یەکەمی ناوەندی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێوان خوێندکاراندا بڵاو بووەتەوە. ئەم دۆخە ئەگەرچی لە پارێزگای خۆراسان بەرچاوترە، بەڵام بە وتەی بەرپرسان، ئەم دیاردەیە تەنیا لە یەک پارێزگا نییە و لە زۆربەی شوێنەکانی وڵات بە ئاستی جیاواز دەبینرێت.

کارەساتبارتر لە بەکارهێنانی ناس لە قوتابخانەکان، دۆخی ئەو منداڵانەیە کە پێش لەدایکبوونیشیان لە مەترسی ئاڵوودەبوون نەپارێزراون. بەرپرسانی بێهزیستی دەڵێن لە هەندێک حاڵەتدا کۆرپەلەکان بەهۆی ئاڵوودەبوونی دایکەوە، کاتێک لەدایک دەبن ئاڵوودەن بە ماددەی هۆشبەر. لەو بنەماڵانەی کە هەردوو دایک و باوکەکە ئاڵوودەن، منداڵان لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانیاندا کە زۆرتر لەناو ژینگەی ماڵدا تێدەپەڕێت، بەهۆی بەرکەوتنی بەردەوام لەگەڵ دووکەڵی ماددەی هۆشبەر، دیاردەیەکی کە پێی دەوترێت «دووکەڵخۆر بوون»، بەرەبەرە نیشانە و ڕەفتاری کەسێکی ئاڵوودە لە خۆیان نیشان دەدەن. بەپێی ئەم ڕاپۆرتانە، زۆربەی ئەو منداڵانەی لە بنەماڵەکانیان جیا کراونەتەوە، منداڵانی ژێر تەمەنی دە ساڵ بوون کە لە ژینگەیەکی پیسبوو بە ماددەی هۆشبەردا گەشەیان کردووە و خۆشیان گیرۆدە بوون.

لێکۆڵینەوەکان لەم دیاردەیە دەریخستووە کە پەرەسەندنی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە نێو خوێندکاراندا، چەندین هۆکاری هەیە. لە ئاستی تاکەکەسیدا، متمانەبەخۆبوونی نزم، سەربزێوی سەردەمی تازەلاوی و فشاری هاوتەمەنەکانیان، لە زومرەی زەمینە دەروونییەکانی ڕووتێکردن و گیرۆدەبوونی تازەلاوان بە ماددەی هۆشبەرن. لە پاڵ ئەم هۆکارانەدا، بنەماڵەش ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت، پەیوەندی ناتەندروستی بنەماڵە، شێوازی نەگونجاوی پەروەردەکردنی منداڵ و بەتایبەتی گوشاری ئابووریی بەردەوام لەسەر بنەماڵە کرێکاری و کەمدرامەتەکان، ژینگەکە بۆ تووشبوونی منداڵان بە ئامادەی هۆشبەر خۆش دەکات. لە ئاستێکی بەربڵاوتردا، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دەستراگەیشتنی ئاسان بە ماددەی هۆشبەر، نەبوونی ڕێگریی یاسایی بۆ ماددەیەکی وەک ناس، کەمتەرخەمی و گرینگی نەدانی بەشێک لە کۆمەڵگە بە مەترسییەکانی، زەمینەی گەشەسەندنی ئەم دیاردەیەی ڕەخساندووە. لە کۆتاییدا، قوتابخانەش لەم هاوکێشەیە جیا نییە، دابەزینی ئاستی خوێندن، کەمبوونەوەی ئاستی هۆگربوونی خوێندکار بە قوتابخانە و نەبوونی بەرنامەی پێشگیریی بەردەوام لە سیستەمی پەروەردەدا، بووەتە هۆی ئەوەی قوتابخانە لەبری ئەوەی ڕۆڵی قەڵغانی بەرگریی بگێڕێت، هەندێک جار خۆی ببێتە ژینگەیەکی



بێپشتوپەنا لە بەرامبەر ئەم مەترسییەدا.

بەڵام بەرپرسیارەتیی سەرەکیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە لە ئەستۆی دامەزراوە حوکمڕانەکانە. تا ئەو کاتەی ماددەیەکی وەک ناس لە چوارچێوەی یاسادا وەک ماددەی هۆشبەر نەناسرێت و فرۆشتنی قەدەغە نەکرێت، هیچ هەنگاوێکی پێشگیرانە لە ئاستی ناوچەکەدا کاریگەر نابێت. جگە لەم بۆشاییە یاساییە، ڕیشەی قەیرانی ئاڵوودەبوون لە ئێراندا دەبێت لە سیاستە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتدا ببینرێت: هەژاریی بەربڵاو، بێکاری، دارمانی بژێوی بنەماڵە کرێکارییەکان، و نەبوونی وەبەرهێنان لە پەروەردە و تەندروستی گشتیدا، سەرەکیترین زەمینەی گەشەی ئاڵوودەبوون لە نێوان منداڵان و تازەلاواندایە. دەوڵەت لەبری تەرخانکردنی سەرچاوەکان بۆ چارەسەر و پشتگیریی بنەماڵە زیاندیتووەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی بە ڕوانگەیەکی ئەمنییەتی و کاتیی ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بووەتەوە و لە داڕشتنی سیاسەتی درێژخایەن بۆ بنبڕکردنی هەژاری و نایەکسانی، کە زەمینەسازی سەرەکیی ئاڵوودەبوونە، خۆی بواردووە.

قوتابخانە وەک دووەم ژینگەی سەرەکیی ژیانی منداڵ، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە دەستنیشانکردنی پێشوەختە و پێشگیریدا هەیە. موعەلیمان و پەروەردەکاران دەبوو لە ڕێگەی فێرکردنی ئەزموونەکانی ژیان، دروستکردنی فەزای متمانە لە نێوان خوێندکار و قوتابخانەدا، و هەروەها دەستنیشانکردنی پێشوەختەی نیشانەکانی ئەو بەڵایە لەو خوێندکارانەی لەژێر مەترسیدان، ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. بەڵام ئەم بەرپرسیارەتییە تەنیا کاتێک مانا دەبەخشێت کە سیستەمی پەروەردە پشتگیریی پێویستی لێ بکرێت: کەمیی ڕاوێژکارانی پەروەردەیی، چڕیی بەرنامەکانی خوێندن، و نەبوونی ڕاهێنانی تایبەتمەندی موعەلیمان بۆ دەستنیشانکردنی نیشانەکانی ئاڵوودەبوون، توانای قوتابخانەی بۆ گێڕانی ئەم ڕۆڵە سنووردار کردووە. بنەماڵە یەکەم و گرنگترین قەڵغانی بەرگریی منداڵە لە بەرامبەر گیرۆدەبووندا، بەڵام لە دۆخێکدا کە گوشارە ئابوورییەکان، بێکاری و ناسەقامگیریی بژێویی تەنگی بە بنەماڵە کرێکارییەکان هەڵچنیوە، زۆربەی دایک و باوکەکان ئیتر توانا و دەرفەتی پێویستیان نییە بۆ چاودێری و پاراستنی منداڵەکانیان. لەو حاڵەتانەی کە خۆدی دایک و باوکەکانیش گیرۆدەن، ئەم ئەڵقە پشتگیرییە بە تەواوی لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و منداڵ بە بێ هیچ قەڵغانێکی بەرگری دەکەوێتە بەر مەترسی زیانەکان. بەهێزکردنی پەیوەندیی بنەماڵەیی، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی دایک و باوکەکان سەبارەت بە مەترسییەکانی ماددە گەلێکی وەک ناس، و لەبەردەستبوونی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی بێبەرامبەر بۆ بنەماڵە کەمدرامەتەکان، لە زومرەی پێداویستییە بەپەلە و هەنووکەییەکان لەم بوارەدا.

********

## ماڵپەڕە حیزبیەکان

حیزبی کۆمۆنیست:

www.cpiran.net

کۆمەڵە:

www.komalah.org

پەیام ماڵپەڕی سیاسی هەواڵنێری:

www.payaam.net

یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو:

www.yadihawrean.com

:Instagram

@Komalamedia

:Facebook

@Komalamedia

:Telegram

@Komalamedianetwork

کۆمەڵە
کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## هەژاریی لەڕادەبەدەر و پێویستیی هاوپشتیی کۆمەڵایەتی لە ئێران

هەژاریی لەڕادەبەدەر، تەنگی بە بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگەی ئێران هەڵچنیوە. ژیانی چین و توێژەکانی وەک کرێکاران، مووچەخۆران، خانەنشینان، بێکاران و توێژە کەمدرامەتەکانی تر، زیاتر لە پێشوو بەرەو سنووری هەژاریی موتڵەق چووە و دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان بۆ ملیۆنان بنەماڵە بووەتە ئەرکێکی زۆر ئەستەم و تاقەتپروکێن. قەیرانی ئەمڕۆ تەنیا لە دابەزینی توانای کڕیندا کورت نابێتەوە، بەڵکوو ئەمنییەتی خۆراک، تەندروستی، پەروەردەی منداڵان، ئەمنییەتی پیشەیی و تەنانەت ئومێد بە داهاتووشی کردووەتە ئامانج.

ڕاپۆرتێکی کە لەلایەن ئاژانسی هەواڵی «ئیلنا»وە سەبارەت بە دۆخی هەڵاوسان و تێچووی ژیان لە مانگی پووشپەڕی ١٤٠٥ بڵاوکراوەتەوە، وێنەیەکی هەژێنەر لە قووڵایی ئەم قەیرانە نیشان دەدات. بەپێی ئامارە فەرمییەکان، هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵی پێداویستییە خۆراکییەکان گەیشتووەتە زیاتر لە ١٢٨ لەسەد واتە نرخی سەبەتەیەکی دیاریکراوی خۆراک و خواردەمەنی بە بەراورد لەگەڵ هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو، زیاتر لە دوو هێندە و نیو بەرابەر زیادی کردووە. گۆشت، مریشک، هێلکە، برنج، دانەوێڵەکان، بەرهەمە شیرەمەنییەکان، ڕۆن، میوە، سەوزەوات و تەنانەت نانیش، کە سەردەمانێک پایەی سەرەکیی سفرەی خەڵک بوون، ئێستا بۆ بەشی هەرەزۆری بنەماڵەکان بوونەتە پێویستییەکی کە دەستڕاگەیشتن پێیان زۆر ئەستەم یاخود مەحاڵ بووە.

قەیرانەکە ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێت کە جیاوازیی نێوان حەقدەست و تێچووی ڕاستەقینەی ژیان لێک دەدەینەوە. خەمڵاندنە سەربەخۆکان نیشان دەدەن کە کەمترین تێچووی ژیانی بنەماڵەیەکی کرێکاری ٣ کەسی گەیشتووەتە نزیکەی ٩٠ ملیۆن تمەن لە مانگێکدا. لە بەرانبەردا، حەقدەستی مانگانەی کرێکارێکی خێزاندار کە خاوەنی یەک منداڵ بن، تەنانەت بە هەژمارکردنی سەرجەم یارمەتییەکانیشەوە، دەگاتە نزیکەی ٢٤.٩ ملیۆن تمەن. بەم شێوەیە، حەقدەستی کرێکارێک تەنیا نزیکەی ٢٧.٥ لەسەدی تێچووی پێویستییەکانی ژیان دابین دەکات، واتە داهاتی مانگانەکەی تەنیا بەشی نزیکەی هەشت ڕۆژی دەکات و دەبێت بنەماڵەکە زیاتر لە بیست ڕۆژەکەی تر بە قەرزکردن، وازهێنان پێداویستییە سەرەکییەکان، فرۆشتنی کەلوپەل یان کاری زیاتر بباتە سەر.

ئەم ئامارانە نیشان دەدەن کە کەلێنی قووڵ و بەردەوامی نێوان داهات و تێچوو، ژیانی کرێکارانی گەیاندووەتە بارودۆخێکی زۆر دژوار و نائاسایی. کاتێک حەقدەستی کرێکارێکی کە تەواو وەخت کار دەکات وەڵامدەرەوەی تەنانەت یەک لەسەر سێی تێچووە بنەڕەتییەکان نەبێت، کارکردن ئیتر ژیانێکی شەرافەتمەندانەی پێ دابین ناکرێت. لە ئاوا بارودۆخێکدا، شاغلبوون بە مانای ڕزگاربوون لە هەژاری نییە و زۆرێک لە کرێکاران، سەرەڕای چەندین کاتژمێر کارکردن، هەروا لە ڕیزی هەژاراندا دەمێننەوە. کاریگەرییەکانی ئەم قەیرانە لەسەر سفرەی بنەماڵەکان بە ڕوونی دیارە. دەستپێوەگرتنی ئاسایی ئیتر کاریگەریی نەماوە، چونکە بڕی بەکاربردنی زۆرێک لە بنەماڵەکان پێشتریش گەشتبووە کەمترین ئاستی خۆی. لابردنی گۆشت و ماسی لەسەر سفرەکان، کەمکردنەوەی بەکارهێنانی شیرەمەنی، میوە و سەوزەوات، پەنابردنە بەر خۆراکی کەمبایەخ و هەرزانتر و دابەزینی کوالیتیی خۆراک، بەشێکە لە واقیعی ڕۆژانەی ژیانی چینە کەمدرامەتەکان. کاتێک کڕینی دانەیەک هێلکە، بڕێک ماکەرۆنی یان بڕێکی کەم گۆشت و مریشک بۆ بنەماڵەکان دەبێتە کارێکی ئەستەم، دەبێت قسە لە قەیرانێکی جددیی بژێوی و تەندروستیی گشتی بکرێت.

نەبوونی ئەمنییەتی خۆراک، بەتایبەت بۆ منداڵان، دەرئەنجامی واوەتر لە برسێتی ڕۆژانەی هەیە. ئەو منداڵانەی ڕووبەڕووی بەدخۆراکیی نادیار، کەمیی پرۆتین، ڤیتامین و ماددە کانزاییەکان دەبنەوە، لەوانەیە تووشی لاوازیی جەستەیی، دابەزینی تەرکیز، کەمبوونەوەی ئاستی فێربوون و زیانی تەندروستیی درێژخایەن ببنەوە. ئەم بارودۆخە بەو مانایەیە کە هەژاریی ئەمڕۆ، هەژاریی سبەینێش بەرهەم دەهێنێتەوە. کۆمەڵگەیەکی کە نەتوانێت خۆراکی تەندروست، پەروەردەی گونجاو و دەرمانی پێویست بۆ منداڵان دابین بکات، لە ڕاستیدا داهاتووی خۆی خستووەتە مەترسییەوە.

گوشاری ئابووری بنەماڵەکانی زۆرتر بەرەو هەڵبژاردنی ڕێگەچارەی تاکەکەسی و بەخوازراوی وەک ئیزافەکاری، چەند پیشەیی، کۆچکردن، قەرزکردن، فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵ، پەنابردنە بەر وامی قورس و کەمکردنەوەی ئێجگار زۆری هەزینە سەرەکییەکان، ئاراستە کردووە. بەڵام ئەم ڕێگەچارانە زۆرجار بەردەوام نین و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەنیا قەیرانەکە بە داهاتوو دەسپێرن. کرێکارێکی کە چەند پیشەیی ڕووبەڕووی دارمانی جەستەیی و دەروونی دەبێتەوە، بنەماڵەیەکی کە ناچارە کەلوپەلی ماڵەکەی بفرۆشێت، پشتیوانەکەی لەدەست دەدات، و قەرزە یەک لەدوای یەکەکانیش، بەشێکی زۆر لە داهاتی داهاتوو هەڵدەلوشێت.

لە پاڵ هەڵاوساندا، کێشەیەکی بنەڕەتیی تر بریتییە لە بێپەنابوونی خەڵک لە بەرانبەر هەڵاوساندا. کرێکار لە بەرانبەر خاوەنکار، خاوەن ماڵ، بانک، بازار و پێکهاتەکانی بڕیاردانی ئابووریدا، پێگەیەکی لاوازی دەبێت و ناچارە ئاستی داواکارییەکانی کەم بکاتەوە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان لەگەڵ بەربەست بەرەوڕوون و کرێکارانی فەرمی، گرێبەستی، پڕۆژەیی و ناوفەرمی پرشوبڵاون، گوشاری قەیرانەکە قورسایی زیاتر دەخاتە سەر شانی چین و توێژە کەمدرامەتەکان.

لەمڕووەوە، ڕێکخراوی سەربەخۆ، مافی نارەزایەتی دەربڕین و مافی مانگرتن، بوونەتە پێویستییەکی زۆر گرنگ بۆ بەرگریکردن لە ژیان. کرێکارانی ڕێکخراو دەتوانن بۆ زیادکردنی حەقدەست بەپێی هەڵاوسانی ڕاستەقینە، دانی بەوەختی حەقدەست، بیمەی تەواو، ئەمنییەتی پیشەیی، ڕێگری لە دەرکردنی ئارەزوومەندانە، بیمەی بێکاری، کۆنترۆڵکردنی کرێی خانوو و دەستڕاگەیشتن بە دەرمان و پەروەردەی خاوەن کوالیتی، لە دانوستانەکانیاندا پێگەیەکی بەهێزتر بەدەست بهێنین.

یەکەم هەنگاو لەم ڕێگەیەدا، بریتییە لە ڕزگاربوون لە لێکدابڕان و پرشوبڵاویی. کرێکاران دەتوانن لەناو کارگەکان، کارخاکان، ناوەندەکانی خزمەتگوزاری، نەخۆشخانەکان، قوتابخانە، گەڕەکەکان و ناوەندەکانی تری کاردا ئەڵقەی پەیوەندی و هاوپشتی دروست بکەن. ئەم ئەڵقانە مەرج نییە هەر لە سەرەتاوە گەورە بن، بەڵکوو کۆڕ و کۆمەڵی بچووک، هۆشیار و بەردەوام دەتوانن زەمینەی متمانە، ئاڵوگۆڕی ئەزموون و پێکهێنانی ڕێکخراوی بەربڵاوتر خۆش بکەن.

دروستکردنی سندوقی هاوکاریی گەڕەک و پیشەییش دەتوانێت هەنگاوێکی گرنگ بێت. زۆرێک لە کرێکاران لە ئەنجامی نەخۆشی، بێکاری، دەرکردن یان قەیرانی لەناکاودا، پێویستییان بە پشتیوانیی بەپەلە دەبێت. کۆمەکی سندوقەکانی هاوپشتی، تەنانەت ئەگەر سنوورداریش بێت، دەتوانن بەشێک لە گوشارەکە کەم بکەنەوە و پەیوەندییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر بکەن. ئەم ئەزموونانە هەروەها خەڵک فێری ئەوە دەکەن کە لە بەرانبەر قەیراندا تەنیا نین و دەتوانن پشت بە هێزی هاوبەشی خۆیان ببەستن.

داواکارییەکانیش دەبێت ڕوون، گشتی و شیاوی دەستڕاگەیشتن بن، بۆ نموونە: حەقدەستی گونجاو لەگەڵ تێچووی ڕاستەقینەی ژیان، دابینکردنی کاڵا بنەڕەتییەکان، بیمەی گشتگیر، پاڵپشتی لە بێکاران، ئەمنییەتی پیشەیی، پەروەردە و دەرمانی بێبەرامبەر و خاوەن کوالیتی، مافی ڕێکخراوی سەربەخۆ و مافی نارەزایەتی. ئەم داواکارییانە دەتوانن کرێکارانی فەرمی و ناوفەرمی، ژنان و پیاوان، خانەنشینان، موعەلیمان، پەرستاران، شۆفێران، کارمەندانی خزمەتگوزاری و بێکاران بە یەکترەوە گرێ بدەن.

ئەم قەیرانەی ئێستا نیشانی داوە کە چاوەڕوانی، دەست لەسەردەست دانان و ڕێگەچارەی تاکەکەسی ناتوانن وەڵامدەرەوەی هەژاریی بەربڵاو بن. تەنیا ڕێگەی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دابەزینی بەردەوامی ئاستی ژیان، بریتییە لە یەکگرتوویی، هاوپشتی، پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆ و خەباتی بەکۆمەڵ. کێشەی ئەمڕۆ تەنیا گرانی نیست، بەڵکوو کێشەکە بێپەنابوونی خەڵکە لە بەرانبەر گرانیدا. پێکهێنانی هێزی بەکۆمەڵ، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ بەرگریکردن لە سفرە، تەندروستی، کەرامەت و داهاتووی ملیۆنان مرۆڤ.

********

## قەیرانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ئێران



زۆرن ئەو سەرلەبەیانیانی کە شارەکانی ئێران بە دەنگی هەنگاوی لەسەرخۆ بەڵام بەردەوامی ڕێپێوانی نارەزایەتیی خانەنشینان دەست پێ دەکات، ئەو ژن و پیاوانەی کە ساڵانێکی زۆر لە کارگە و کارخانە و ئیدارە و نەخۆشخانەکاندا کاریان کردووە و ئەمڕۆ لە سەرشەقامەکانی ئەهواز، کرماشان، تەورێز، تاران و دەیان شاری تردا کۆ دەبنەوە تا وەبیری بهێننەوە کە ژیانیان بە سەختی تێپەڕ دەبێت. دروشمی سەر پلاکاردەکانیان سادەن: ئەوان خوازیاری موچە و مەزایای گونجاو و چارەسەری پزیشکیی بێبەرامبەرن. بەڵام ئەم ڕستە کورتانە، بەیانگەری چیرۆکێکی دوور و درێژن سەبارەت بە دارمانی سیستەمێکی خۆشگوزەرانی، چیرۆکێکی کە بە قەیرانی سندوقەکانی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە. سیستەمی خانەنشینی لە ئێران، لە نزیکەی ١٧ سندوق پێکهاتووە، چوار سندوقی گەورە و چەندین سندوقی پیشەیی و تایبەت. لە نێوانیاندا، ڕێکخراوی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە لەخۆگرتنی نزیکەی ٤٦ ملیۆن کەس، یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەمنییەتی ئابووریی کۆمەڵگە. ئەم ژمارە بەرچاوە، نەک هەر تەواوی بیمەکراوان و خانەنشینان، بەڵکوو ئەندامانی بنەماڵەکانیشیان دەگرێتەوە. نزیکەی ١٦ ملیۆن کەس مانگانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە خزمەتگوزاریی پزیشکی، یارمەتیی و پابەندبوونی ئەم ڕێکخراوە سوودمەند دەبن. بەم هۆیەوە، هەر گرفتێک لە کارکردنی ئەم سندوقەدا، وەک شەپۆلێکی گەورە، ژیانی ملیۆنان کەس ژێرەوژوور دەکات.

بۆ زۆرێک لە خەڵک، بیمەی کۆمەڵایەتی پەیماننامەیەکی نەنووسراو بەڵام بنەڕەتییە: کرێکار یان کارمەندێکی کە ساڵانێک بەشێک لە مووچەکەی وەک حەقی بیمە پرداخت کردووە، چاوەڕوان دەبێت لە سەردەمی خانەنشینی، نەخۆشی یان پەککەوتەییدا، داهاتێکی جێگیر و خزمەتگوزارییەکی پزیشکیی باوەڕپێکراوی هەبێت. ئەم چاوەڕوانییە، نەک ئمتیازێک، بەڵکوو ئەنجامی ساڵانێک کار، ڕەنج و بەشداری لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدایە. بەڵام ئەمڕۆ، ئەم پەیماننامەیە لەحاڵی لێکترازاندایە.

سەرچاوەی ئەو قەیرانە دەبێت لە پێکهاتەی دارایی و بەڕێوەبردنی سندوقەکاندا ببینرێت. دەستەبەری کۆمەڵایەتی بڕیار نییە وەک سندوقێکی تەواو بودجەیی کار بکات، سەرچاوەکانی ئەو سندوقە لەسەر بنەمای حەقی بیمە شکڵ دەگرێت: ٧ لەسەدی مووچە لەلایەن کەسی بیمەکراو، ٢٠ لەسەد لەلایەن خاوەنکار و ٣ لەسەدیش لەلایەن دەوڵەتەوە. ئەم سازوکارە کاتێک جێگیر دەبێت کە هەلی کاری فەرمی گەشە بکات، خاوەنکاران پشکی خۆیان بە تەواوی بدەن و دەوڵەت بە ئەرکە یاساییەکانییەوە پابەند بێت. بەڵام لە دەیەکانی ڕابردوودا، ئەم سێ مەرجە یەک بە دوای یەکدا پێشێل کراون.

کەڵەکەبوونی قەرزی دەوڵەت بە ڕێکخراوی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی قەیرانەکە. دەوڵەتەکان، لە سەردەمە جیاوازەکاندا، پشکی یاسایی خۆیان یان نەداوە یان زۆر کەمتر لە بڕی ڕاستەقینە و درەنگ وەخت داویانە. ئەم قەرزە، کە گەیشتووەتە سەدان هەزار ملیار تمەن، بە کردەوە سەرچاوەکانی سندوقەکەی داخستووە و توانای ئەو سندوقەی بۆ دانی یارمەتییەکان و دابینکردنی تێچووی درمانی کەمتر کردووەتەوە.

⬅

جگە لە دەوڵەت، هەندێک لە خاوەنکارە گەورەکانیش پشکی خۆیان نادەن. لە نێوانیاندا، سپای پاسداران، کە یەکێکە لە گەورەترین خاوەنکارەکانی وڵات، وەڵامدەرەوەی هیچ دامەزراوەیەکی فەرمی نییە و بەشێکی بەرچاو لە هێزی کاری خۆی لە دەرەوەی چوارچێوەی بیمەدا رادەگرێت یان پشکی خۆی وەک خاوەنکار نادات بە سندوقەکان. ئەم دۆخە، ڕەوتی داهاتی سندوقەکەی تێکداوە و باری داراییەکەی قورستر کردووە.

بەڵام قەیرانەکە تەنیا لە سەرەوە نەسەپێنراوە، بەڵکوو پێکهاتەی بازاڕی کاریش بەرەوی پێداوە. پەرەسەندنی گرێبەستی کاتیی، پەیمانکاری چەند لایەنە، کار و پیشەی نافەرمی و خۆدزینەوە لە بیمە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە حەقی بیمە بە تەواوەتی دەدەن کەم کردووەتەوە. کارگە بچووکەکان، دەستگێرەکان، ئەو ژنانەی بەبێ گرێبەست کار دەکەن و کرێکارانی وەرزی، بە کردەوە لە بەهرەمەندبوون لە بیمەی گونجاو بێبەشن. ئەم گرووپانە، لە داهاتوودا دەبنە بەشێک لەو جەماوەرەی کە هیچ پاڵپشتییەکی بیمەیی نایانگرێتەوە، جەماوەرێکی کە باری دارایی و کۆمەڵایەتییان دەکەوێتە سەر شانی بنەماڵەکان و کۆمەڵگە.

بەهۆی خراپی باری ئابووری، زۆرێک لە کارگەکان داخراون و بێکاری پەرەی سەندووە و قەیرانەکە قووڵتر بووەتەوە. کاتێک کارگەیەک دەداخرێت، نە تەنیا ئەو کەسانەی کە حەقی بیمە دەدەن کەم دەبنەوە، بەڵکوو ژمارەی ئەو کەسانەش کە پێویستیان بە پاڵپشتی یان خزمەتگوزاریی پزیشکییە زیاد دەکات. هاوسەنگی نێوان « ئەو کەسانەی حەقی بیمە دەدەن» و ئەو کەسانەی کە لە مەزایای بیمە بەهرەمەندن» بە زیانی سندوقەکان دەگۆڕێت، هاوسەنگییەکی کە ئەگەر لە ئاستێکی دیاریکراو بترازێت، سندوقەکە بە کردەوە پەکی دەکەوێت.

لەم نێوەندەدا، بەڕێوەبردنی سندوقەکانیش لەگەڵ ئاڵەنگاریی جددی بەرەوڕوو بوونەتەوە. سندوقی خانەنشینی دامەزراوەیەکە کە دەبێت خاوەنی وەبەرهێنانی کەمەترسی و جێگیر بێت تا بتوانێت مانگانە پاڵپشتی ملیۆنان کەس دابین بکات. بەڵام لە ئێران، زۆر جار کۆمپانیای زیانبەر یان کەمداهات بەسەر سندوقەکاندا سەپێنراون، کۆمپانیاگەلێکی کە لەبری بەرهەمهێنانی قازانج، سەرچاوەکانی سندوقەکە هەڵدەلوشن و دەرگیری قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی دەکەن. ئەم سیاسەتە، هاوکات لەگەڵ بوونی گەندەڵی دارایی ڕێکخراو لەناوخۆیدا، سندوقەکانی لە کارکردی سەرەکیی خۆیان دوور خستووەتەوە و کردوونی بە کۆمپانیایەکی پڕمەترسی و ناکارامە.

هاوکات لەگەڵ کێشە داراییەکان، قەیرانی چاودێریی پزیشکی و دەرمانیش سێبەری خستووەتە سەر ژیانی خانەنشینان. ناسر موستەفەوی، جێگری سەرۆکی کانوونی خانەنشینانی شیراز، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئاژانسی ئیلنا جەختی کردووەتەوە کە بەڵێنی «دەرمانی بێبەرامبەر» بۆ کرێکاران و خانەنشینان جێبەجێ ناکرێت. ئەم بابەتە، بەتایبەتی بۆ بەساڵاچووان و تووشبووانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، زۆر بەئازارە. تێچووی دەرمان، مانەوە لە نەخۆشخانە، تاقیکاری و خزمەتگوزاریی تایبەت، بەشێکی گەورە لە داهاتی بنەماڵەکان لەخۆ دەگرێت. کاتێک خانەنشین ناچار دەبێت لە گیرفانی خۆی تێچووی دەرمان بدات، یارمەتییەکەی بە کردەوە ناتوانێت وەڵامدەرەوەی گوزەرانی ژیانی بێت.

لە شەقامی شارەکان، خانەنشینان لە کاتی نارەزایەتیدا، نە دروشمی توند دەدەن و نە داواکارییەکی نائاسایی دەخەنە ڕوو. ئەوان تەنیا دەڵێن: «مافەکانمان پێبدەن». ئەم ڕستە سادەیە، پوختەی قەیرانی دەستەبەری کۆمەڵایەتییە، قەیرانێکی کە ئەمنییەتی ئابووری و داهاتووی ملیۆنان بنەماڵە دەخاتە مەترسییەوە. ئەگەر دەوڵەت قەرزەکانی نەداتەوە، ئەگەر خاوەنکارەکان وەڵامدەرەوە نەبن و ئەگەر کەرتی کاری فەرمی بەهێز نەکرێت، ئەم قەیرانە نە تەنیا بەردەوام دەبێت، بەڵکوو دەبێتە یەکێک لە گەورەترین ئاڵەنگارییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران.

بابەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لە کۆتاییدا، بابەتی کەرامەتی ئینسانییە. کۆمەڵگەیەکی کە نەتوانێت ئاسایشی سەردەمی بەساڵاچوویی دەستەبەر بکات، هیوا بە داهاتوو لە نەوەی گەنجیشدا لاواز دەکات. داهاتوویەکی کە بۆ ملیۆنان بنەماڵەی کەمداهات، لەوەش تاڵتر و قورستر دەبێت.

********

## هەڵمەتی دژی گەندەڵی



عوسمان حاجی مارف

هەڵمەتی دژی گەندەڵی، وێنەی کۆشکی گرانبەها و ئەسپی بەنرخ و کیسەی دۆلار و دیناری شاردراوە لە کێڵگە و ماڵەکاندا، ڕوخساری ناشرینی سیستەمی گەندەڵی حکومەتی تائیفیان ئاشکرا کرد، چونکە گەندەڵی لە عێراق تەنها دزی تاکە کەسی نیە، بەڵکو بۆتە قەوارەیەکی ئۆرگانیک کە لە خوێنبەرەکانی دەوڵەتدا درێژدەبێتەوە، کە نیوەی دانیشتووانەکەی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، لە کاتێکدا تەنێک زێڕ و ئۆتۆمبێلی لوکس لە خەزنەکانی ئەو کەسانەی کە لە ڕووی سیاسیەوە پارێزراون، کەڵەکە بون. تێڕوانینەکان لەسەر کەسایەتی عەلی زەیدی و پاڵنەرەکانی جیاوازن، لەکاتێکدا هەندێک وەک پاڵەوانێک دەیبینن، گوایە هەوڵی گەڕاندنەوەی شکۆمەندی دەوڵەت دەدات!، هەندێکی تر بە بێهەڵوێستی دەزانن و وەک کەسێکی دەخالەتگەری دەرەکی سەیری دەکەن، زەیدی بەرهەمی ئەم سەردەمەیە کە وەک بازرگانێک لەناو سیستەمەکەدا بەرزبۆتەوە و لەچوارچێوەی تۆڕەکانیدا کاردەکات، یان کاری پێدەکەن، بۆیە دەشێ بۆ دەوری زەیدی چەند حاڵەتێک دەستنیشان بکرێت، دەکرێ وەک ڕوخسارێکی نوێ بێت بۆ دامرکاندنی رای گشتی بازاڕ و ناڕەزایەتی جەماوەری بەرامبەر گەندەڵی، یان لەڕێگەی ڕێکەوتنە ناوخۆیی و دەرەکیەکانەوە هەوڵئەدات قۆناغێکی راگوزەر بەڕێوەببات بۆ ڕێگریکردن لە داڕمانی ئابووری، هەروەها یان هاوبەشێکی پراگماتی ئەمریکایە، کە هەوڵدەدات کەرتی دارایی عێراق کۆنترۆڵ بکات و هەندێک سەرچاوەی کاریگەری ببڕێت. لەهەمانکاتدا گومانی تیا نیە کە دەیەوێت وەک سەرۆکەکانی پێشخۆی هاوسەنگیەک لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا بەڕێوەبەرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین زەیدی لەناو گێژاوێکدا یاری بە چارەنوسی عێراق و خۆی دەکات. لەناو ئەم گێژاوەدا و لە دنیای واقعدا ڕاستیەکی تاڵ دێتە ئاراوە کە گوزارشت لە ترسی گشتی دەکات بەرامبەر ئەم هەڵمەتی دژی گەندەڵیە، هەر لەسەرەتاوە ناوەڕۆکی هەڵمەتەکە پوچی خۆی دەسەلمێنێت، چونکە هەوڵدان بۆ وەستانەوە لەبەرامبەر ئەو زلهێز و کەسانەی چەندین ساڵە بنەمای نەخشە دارێژی سیستمی تاڵانچێتی و گەندەڵین، ئاکامەکەی هەڵکەندنی گۆڕی خۆتە و دەبیتە ژەمی خواردنی داهاتووی نەهەنگەکان. ئەم هەڵمەتە هەر لەسەرەتای پرۆسەکەوە پەکی دەکەوێت و ئیفلیج دەبێت، لەکاتێکدا دەڵاڵی دەسەڵاتی ڕاستەقینە و ئەوانەی پاراستنی حزبیان هەیە دەست لێنەدراون و گەندەڵیش دەورانەکانی ڕاناوەستێت. تەرکیزکردن تەنها لەسەر فەرمانبەرە بچوکەکان یان چەند ئەندام پەرلەمانێك، کێشەکە چارەسەر ناکات؛ بەڵکو بەرگریەکی زیاتر بە ماسیە گەورەکان دەبەخشێت بۆئەوەی لە داهاتوودا بەبێ سزا مامەڵە بکرێن. ڕەنگە مەترسیدارترین دزەپێکردن لەم هەڵمەتەدا قسەکانی زەیدی بوبێت سەبارەت بە ئەگەری یەکلاکردنەوەی هەڵمەتەکە و ڕاگرتنی لێپێچینەوەکان بەرامبەر بە گێڕانەوەی پارەکان یان بەشێکی لەلایەن سەرە گەورەکانی دزی و گەندەڵیەوە!، دەوڵەتێک کە دانوستان و ڕێکەوتن لەگەڵ دزەکان بکات، دەسەڵاتی خۆی لاواز دەکات و ئەو پەیامە دەنێرێت کە دزینی سامانی گشتی کارێکی بازرگانی قازانج بەخشی گەرەنتیە، ئەگەر دزەکە ئاشکرا بوو، بەشێک لە پارەکە دەگەڕێنێتەوە و ئەوەی دیکەش دەهێڵێتەوە، لەگەڵ ئازادیەکەی. لە ژینگەیەکدا کە متمانەی دامەزراوەیی نییە، یەکلاییکردنەوە چارەسەر نییە، بەڵکو دەرچوونێکی سەلامەتە بۆ پاراستنی گەورەکان و داخستنی کەیسە هەستیارەکان. لەلایەکی ترەوە ڕەنگە ئەم هەڵمەتە هەوڵێک بێت بۆ بڕینی باڵی نەیاران، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی چڕبونەوەی دەستگیرکردنەکان لەسەر تۆڕەکانی سەر بە هێزە سیاسیە دیاریکراوەکان، جگە لەوەش فشاری ئەمریکا کە لە پێویستی ڕێکخستنی سیستەمی دارایی و ڕێگریکردن لە سپیکردنەوەی پارەدا دەردەکەوێت، سێبەرێک دەخاتە سەر کارەکانی زەیدی، ئەمریکا وەک هەندێک دەیبینن، وەبەرهێنان لەگەڵ تاکەکان ناکات بەڵکو لە دەرئەنجامەکاندا وەبەرهێنان دەکات کە گەرەنتی سەقامگیری وەبەرهێنان و بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکەدا دەکات. لەکاتێکدا نەهەنگەکان و دزە گەورەکان لە لێدوانەکانیاندا پشتگیری لە هەڵمەتەکە دەکەن و دەستخۆشی لەزەیدی دەکەن، زەیدیش پێشوازی لێدەکات و سوپاسگوزاریان دەبێت، لە غەنیمەتە تائیفیەکاندا دەتوێتەوە و ستایشیان دەکات، ئەوە تەنها دەبێتە فێڵێک بۆ ئارامکردنەوەی ڕای گشتی. ئەو هاووڵاتیەی کە بە دڵەڕاوکێوە چاوەڕێی مووچەکەی دەکات، چیتر بەرگەی بینینی ئەو دیمەنانە ناگرێت و نەفرەت لەو هەڵمەتە و لەو دادگایەش دەکات کە بەدواداچونی فایلی کەیسەکانی دەستی زەیدی دەکات، چونکە گەندەڵیەک گەر لە بنەڕەتدا بنبڕ نەکرێت ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێندەی تر خراپتر و وێرانکەرتر گەشە بکات. ئێستا پرسیارەکە ئەوە نییە ئاخۆ سبەی کێی تر دەستگیر دەکرێت؟ ئایا زەیدی و حکومەتەکەی بوێری ئەوەیان هەیە شەفافیەت لە داهات و دارایی دەوڵەت پەیرەوەی بکەن؟، یان ئازایەتی ئەوەی هەیە لە کۆشکەکەیدا ڕوبەڕوی نەهەنگەکان ببێتەوە؟ ڕۆژانی داهاتوو ئەوە دەردەخەن کە ئەمە هێرشێکی ڕاستەقینەی دژی گەندەڵی نییە و تەنها سەرابێکە. چەکدارە لایەنگرەکانی ئێران نوێنەرایەتی ئاڵۆزترین و هەستیارترین لایەن دەکەن لە حکومەتی عێراقدا، ئەم فراکسیۆنانە وەک عەسائیب ئەهلی حەق و مقاوەمەی ئیسلامی و کەتائیبی ئیمام عەلی و گروپی تر، بەدرێژایی ساڵان دەستیان بەسەر سامانە ئابوریە بەرفراوانەکاندا گرتووە، سەرقاڵی قاچاخی ڕێکخراوی نەوت و سەرچاوەکانی دیکە بوون، دەروازە سنووریە گرنگەکانیان کۆنترۆڵکردووە، هەروەها بەشێکی بەرچاو لە سامانی عێراقیان لادا بۆ پشتیوانیکردن لە ئەجێندای دەرەکی. حکومەتی زەیدی لەم گێژاوەدا ئەم هەڵمەتە دەبەستێتەوە بە بنیاتنانەوەی ناوبانگی ئابووری عێراق وەک دەرخستنی ژینگەیەکی بەئاسایشی ئومێدبەخش بۆ وەبەرهێنان، بەڵام ڕاپۆرتەکانی بانکی نێودەوڵەتی و شەفافیەتی نێودەوڵەتی ئاماژە بەوە دەکەن کە گەندەڵی و بڵاوبونەوەی چەک دوو ڕێگری گەورەن بۆ کارکردنی کۆمپانیا بیانیەکان لە عێراقدا، زەیدی دەیەوێت ئەو پەیامە بدات بە کۆمپانیەکان کە دەوڵەت بەهێز بووە و توانای دەستوەردانی لە گرنگترین ساتەکاندا هەیە بۆ پاراستنی یاسا و وەبەرهێنان. بەڵام وەک سروشتی پێکهاتەی حکومەتی تائیفی و هێزەکانی حەشدی شەعبی نیشانی ئەدەن، پێکهاتەی حکومەتی ئێستای عێراق ناتوانێت لەو دوو ڕێگریە "گەندەڵی و هێزی میلیشا" بێتە دەرەوە، خودی زەیدیش هەڵبژاردەی هێزە تائیفی و میلیشیاکانە. ئەم هەڵمەتە هیچ گۆڕانکاریەک لە پێکهاتەی حکومەتی ئێستای بەغدا ناکات، تەنها کاری میدیاییە بۆ پاراستن و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی "چوارچێوەی هەماهەنگی" و هاوپەیمانەکان.

********

## ناڕەزایەتیی موعەلیمان و پەرستاران و پێویستیی ڕێکخراوبوون




ناڕەزایەتییەکانی موعەلیمان و پەرستاران لە مانگەکانی ڕابردوودا، جارێکی دیکە ئەوەی نیشان داوە کە پرسی داواکارییە پیشەییەکان لە ئێران تەنیا لە بواری بژێوی و مافەکانی کاردا کورت نابێتەوە، بەڵکوو گرێدراوە بە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات لەگەڵ ڕێکخراوبوونی سەربەخۆ، مافی ناڕەزایەتیی ئاشتییانە و ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دیارکردنی سیاسەتی گشتیدا. بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ئەم دواییانەی کانونی پیشەییی موعەلیمانی ئێران و ڕاپۆرتەکانی پەیوەندیدار بە کۆبوونەوەی پەرستارانی نەخۆشخانەکانی تاران، دوو نموونەی بەرچاوی ئەم دۆخە دەخەنە بەر چاو، دۆخێکی کە تێیدا، داواکارییە پیشەییەکان نەک هەر بێ وەڵام ماونەتەوە، بەڵکوو بەردەوام لەگەڵ هەڵسوکەوتی ئەمنییەتی، دادوەری و کارگێڕیشدا بەرەوڕوو بوونەتەوە.

کانونی پیشەیی موعەلیمانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا کە ٢٣ی گەلاوێژ بڵاوی کردەوە، ئاماژەی بە پەرەسەندنی گوشارەکان بۆ سەر چالاکوانانی پیشەیی لە ڕەشەمەی ١٤٠٤ەوە تا ئێستای کردووە. بەپێی داتاکانی ئەم ڕێکخراوەیە، زیاتر لە ٦٠ موعەلیم و چالاکوانی پیشەیی لەم ماوەیەدا لەگەڵ بانگهێشتکردن، دەستبەسەرکردن، دەرکردنی سزای دادوەری، هەڵسوکەوتی کارگێڕی، دوورخستنەوە، دەرکردن و بێبەشکردن لە کار ڕووبەڕوو بوونەتەوە. ئەم ئامارە تەنیا ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە ڕاگەیەندراون و بە وتەی ئەو کانونە، ئەگەری هەیە ژمارەی ڕاستەقینەی ئەو موعەلیمانەی کە لەژێر گوشاردان لەوە زیاتر بێت، چونکە زۆربەیان بەهۆی ترس لە دەرئەنجامە ئەمنییەکان، ئیمکانی گەیاندنی زانیارییان سەبارەت بە دۆخی خۆیان نییە.

بەیاننامەی کانونی پیشەییی موعەلیمان، ئەم هەڵسوکەوتانە بە ڕووداوێکی تاک و تەرا و بەرێکەوت نازانێت، بەڵکوو وەک بەشێک لە «سیاسەتێکی بەربڵاو بەمەبەستی کپکردنی دەنگی ڕێکخراوبوون، عەداڵەتخوازی و داواکاریی پیشەیی» وەسفی دەکات. ئەم ڕێکخراوەیە وێڕای ئاماژە بە دەستپێکردنی هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، دەنووسێت کە «هاوڕێ لەگەڵ شەڕی دەرەکی، شەڕێکی دیکە لە ناوخۆی وڵات توندتر بۆتەوە کە بریتییە لە: شەڕی دەسەڵات لەگەڵ کۆمەڵگە و هێزە سەربەخۆ مەدەنییەکان». لە ڕوانگەی ئەم کانونەوە، پەرەسەندنی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی، دەرکردنی سزای قورسی دادوەری، زیاترکردنی گوشارە ئەمنییەکان و پەرەپێدانی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن، لە زومرەی نیشانەکانی ئەم «شەڕە یەک لایەنەیەن دژ بە کۆمەڵگەی ئێران»، شەڕێکی کە موعەلیمانیش لێی بێبەش نەبوون.

ئەم ڕێکخراوەیە جەخت دەکاتەوە کە «چالاکیی پیشەیی تاوان نییە» و بەرگریکردن لە بژێوی و شکۆی موعەلیمان، ناڕەزایەتی بەرامبەر هەڵاواردن، داواکاریی پەروەردەی خۆڕایی و خاوەن کواڵیتی، بەرگریکردن لە مافی خوێندکاران و هەوڵدان بۆ پاراستنی ڕێکخراوە سەربەخۆکان، مافێکی بنەڕەتی و ڕەوان و نابێت بە زیندان، دەرکردن، دوورخستنەوە یان بێبەشکردنی پیشەیی وەڵام بدرێنەوە.

کانونی پیشەیی موعەلیمان لە کۆتاییدا، خوازیاری ڕاگرتنی دەستبەجێی ئەو هەڵسوکەوتانە، هەڵوەشاندنەوەی سزا دادوەری و کارگێڕییەکانە دژ بە چالاکوانانی پیشەیی، ئازادکردنی موعەلیمانی زیندانی و بەڕەسمی ناسینی مافی ڕێکخراوبوون و ناڕەزایەتیی ئاشتییانە بوون.

هاوکات لەگەڵ گوشار بۆ سەر موعەلیمان، پەرستارانیش لە مانگەکانی ڕابردوودا لەگەڵ کۆمەڵێک داواکاریی بێ وەڵام بەرەوڕوو بوونەتەوە. ناڕەزایەتی پەرستارانی نەخۆشخانەکانی تاران، بەتایبەت کۆبوونەوەی ٨ی گەلاوێژ لە نەخۆشخانەی فەییاز، نیشانی دا کە کێشەی ئەوان ئەولاترە لە چەند داواکارییەکی دارایی و پەیوەندی هەیە بە پێکهاتەی گشتیی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆیی و مافە پیشەیییەکان لە سیستەمی تەندروستیدا.

زیاتر لە ١٠ ڕۆژ دوای ئەم کۆبوونەوەیە، ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی هەواڵی ڕاگرتنی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکان و گەڕانەوەی هێزە دوورخراوەکانی بۆ سەر کارەکانیان ڕاگەیاند، بەڵام بەشە سەرەکییەکەی ویست و داواکاریی پەرستاران هەروا بێ وەڵام ماوەتەوە. لەوانە:

• ١٣ مانگ تێچووی هاتوچۆ کە دەبێت بدرێت بەوانەی کە سەرویس بەکارناهێنن و کۆی گشتیی بڕەکەی بۆ هەر کەسێک گەیشتووەتە نزیکەی ١٥ ملیۆن تمەن.

• مافی شەڕی پەیوەندیدار بە سەردەمی شەڕی. ٤٠ ڕۆژە کە بە وتەی پەرستاران، نەڕژاوەتە سەر حیسابەکانیان و بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانە ڕایانگەیاندووە کە ئەم بڕە پارەیە تەرخان کراوە بۆ کڕینی گۆشت و مریشکی نەخۆشخانە، ڕوونکردنەوەیەکی کە لەگەڵ یاساکانی بودجەی ناوەندە دەرمانییەکاندا ناگونجێت.

• جێبەجێکردنی تەواوی یاسای نرخدارکردنی خزمەتگوزارییەکانی پەرستاران کە ساڵانێکە یەکێکە لە داواکارییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی پەرستاریی و هێشتا بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە.

• کەمیی هێزی مرۆیی، کاری زۆر و دۆخی دژواری بژێوی کە لە ڕاپۆرتەکانی پەرستاراندا چەندین جار دووبارە بووەتەوە.

ئەو پەرستارانەی لەگەڵ ڕاگەیاندنەکاندا قسەیان کردووە، وتوویانە کە کۆبوونەوەکەیان بەبێ دروشم، بێ پلاکارد و بەبێ دروستکردنی ئاستەنگ لە پرۆسەی دەرمانی نەخۆشەکاندا بەڕێوەچووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر بەوپەڕی ئەزیەت و ئازار و توندوتیژیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردوون.

ناڕەزایەتییەکانی موعەلیمان و پەرستاران، ئەگەرچی لە دوو بواری جیاوازدا ڕوویان داوە، بەڵام لە خاڵێکی سەرەکیدا یەکتر دەگرنەوە کە بریتییە لە: مافی ڕێکخراوبوونی سەربەخۆ و بەرگریی بەکۆمەڵ لە مافە پیشەیییەکان. لە هەردوو ئەزموونەکەدا، داواکارییە بژێوی و پیشەییەکان کەوتوونەتە ژێر سێبەری سنووردارکردنە پێکهاتەییەکان سەبارەت بە ڕێکخراوبوون و ناڕەزایەتی. موعەلیمان باس لە هەڵسوکەوتی ئەمنییەتی و دادوەری دەکەن و پەرستاران لە هەڵسوکەوتی فیزیکی و کارگێڕی، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا، کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە کە سازوکارە فەرمییەکان بۆ خستنەڕووی ویست و داواکارییەکان، یان زۆر ناکارامەن یاخود لەگەڵ بەربەستی جددی بەرەوڕوون.

بەیاننامەی کانونی پیشەیی موعەلیمانیش جەخت لەسەر هەمان خاڵ دەکاتەوە: بەرگریکردن لە بژێوی و شکۆی موعەلیمان، ناڕەزایەتی بەرامبەر هەڵاواردن، پەروەردەی بێبەرامبەر و خاوەن کواڵیتی، مافی خوێندکاران و پاراستنی ڕێکخراوە سەربەخۆکان، چالاکیی گەلێکی ڕەوان و نابێت بە زیندان، دەرکردن، دوورخستنەوە یان بێبەشکردنی پیشەیی وەڵام بدرێنەوە. ئەم جەختکردنەوەیە، لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو نیگەرانییەیە کە پەرستارانیش لە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەدا خستوویانەتە ڕوو: ئەوەی کە ویست و داواکارییە پیشەییەکان دەبێت لە چوارچێوەی دیالۆگ، شەفافییەت و ڕێزگرتن لە مافەکانی هاووڵاتیبووندا وەڵام بدرێنەوە، نەک بە هەڵسوکەوتی ئەمنییەتی یا کارگێڕی.

ناڕەزایەتییەکانی موعەلیمان و پەرستاران لە مانگەکانی ڕابردوودا، وێنەیەکی ڕوون لە دۆخی داواکارییە پیشەییەکان لە ئێران دەخاتەڕوو، دۆخێکی کە تێیدا بابەتە بژێوییەکان، مافە پیشەییەکان، کەمیی سەرچاوەکان، گوشاری کاری و داواکارییە یاساییەکان، لە پاڵ سنووردارکردنی ڕێکخراوبوون و هەڵسوکەوتە ئەمنییەکاندا قەراریان گرتووە. ئەم دوو ئەزموونە نیشان دەدەن کە چارەسەرنەبوونی داواکارییە پیشەییەکان، تەنیا کێشەیەکی ئابووری یا کارگێڕی نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتەوە هەیە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆڵی ڕێکخراوە سەربەخۆکان لە دیاریکردنی سیاسەتی گشتیدا. لە کۆتاییدا، ئەوەی کە موعەلیمان و پەرستاران داوای دەکەن، بریتییە لە جێبەجێکردنی مافە یاساییەکان و دەرفەتی ڕێکخراوبوونی سەربەخۆ.

********

## شازدەی گەلاوێژ، بیرهێنەرەوەی هێزی جەماوەر و پێویستیی مانگرتنی سیاسیی گشتی

شازدەی گەلاوێژی ١٣٨٤ یەکێک لە ڕۆژە هەرە دیار و لەبیر نەکراوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، ڕۆژێکی کە شارەکان و ناوچەیەکی بەرینی کوردستان لە ناڕەزایەتی بەرامبەر بە جینایەت و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی سەرجەم جووڵە و چالاکییەکانی ڕۆژانەی خۆیان ڕاگرت و بە مانگرتنێکی سیاسی و گشتی، هێزی یەکگرتوو و هاوپشتیی خۆیان پێشان دا. لەو ڕۆژەدا شەقامە چۆڵەکان، دوکان و بازاڕ و ناوەندە کارییە داخراوەکان، زۆر ڕاشکاوانەتر لە هەر هاوارێک دەنگیان هەڵبڕی. پەیامی خەڵک ڕوون بوو: کوردستان لە بەرامبەر سەرکوتدا تەسلیم نابێت و بزووتنەوە ئازادیخواز و یەکسانیخوازییەکەی زیندووە.

شازدەی گەلاوێژ ڕۆژی ئەزموونێکی زیندوو و وانەبەخشە بۆ خەباتی ئەمڕۆ، ئەزموونێکی کە نیشانی دا چۆن دەکرێت ڕق و تووڕەیی پرشوبڵاو بکرێت بە ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ، ڕێژەی قوربانییەکانی خەڵک کەم بکرێتەوە، دەزگای سەرکوت لە ئیمکانی کۆنترۆڵی ئاسایی کۆمەڵگە بێبەش بکرێت و هاوسەنگیی هێز بە قازانجی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بگۆڕدرێت.

### لە کوشتنی شوانە سەیدقادرییەوە تا مانگرتنی گشتی

زەمینەی شکڵگرتنی مانگرتنی شازدەی گەلاوێژ دەگەڕێتەوە بۆ جینایەتی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە مەهاباد. ئێوارەی ١٨ی پوشپەڕی ١٣٨٤، مەئموورانی حکومەت کەوتنە شوێن شوانە سەیدقادری، یەکێک لە گەنجە خەباتکارەکانی شاری مەهاباد. دوای ئەوەی نەیانتوانی دەستگیری بکەن، دەستڕێژی گوللەیان لێ کرد و برینداریان کرد. مەئموورەکان دواتر ئەم گەنجە بریندارەیان ئەشکەنجە دا، کوشتیان و تەرمە شێوێندراوەکەیان بە شێوازێکی سووکایەتی ئامێزەوە ڕادەستی بنەماڵەکەی کردەوە.

حکومەت دەیویست بەم تاوانە ترس بخاتە دڵی خەڵکەوە، بەڵام ئاکامەکەی پێچەوانە بووەوە. خەڵکی مەهاباد، هەر کە ڕووداوەکەیان بیست، لە بەردەم ماڵی شوانە کۆبوونەوە، هاودەردیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەکەی دەربڕی و نەفرەت و بێزاریی خۆیان لە حکومەت نیشان دا. لە ڕۆژەکانی ١٩ و ٢٠ی پوشپەڕدا، ژنان و پیاوانی گەنج هاتنە سەر شەقامەکان و دروشمی ناڕەزایەتییان بەرز کردەوە. ڕۆژی ٢١ی پوشپەڕ بازنەی ناڕەزایەتییەکان بەربڵاوتر بووەوە و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکان لەگەڵ خۆڕاگریی خەڵک بەرەوڕوو بووەوە.

ناڕەزایەتییەکان تەنیا لە شاری مەهاباد قەتیس نەمایەوە و شارەکانی تری کوردستانیشی گرتەوە. حکومەت، لەبری وەڵامدانەوە بە داواکارییەکانی خەڵک، هێزی زیاتری ڕەوانەی ناوچەکە کرد. لە سەقز، هێزە چەکدارەکان تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد، ژمارەیەک گیانیان لەدەستدا و زۆر کەسیش بریندار بوون. ناڕەزایەتییەکانی سەر شەقام، سەرەڕای بوێری و چاونەترسی خەڵکیشەوە، پرشوبڵاو بوون و بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی حکومەت، قوربانییەکی قورسی لێ دەکەوتەوە.

لە بارودۆخێکی ئاوادا، پێویستیی بە جووڵە و تاکتیکێکی وشیارانە، گشتگیر و ڕێکخراو زیاتر لە هەموو کاتێک هەستی پێ دەکرا، تاکتیکێکی کە هێزی خەڵک پێشان بدات، بەڵام نەیانخاتە ئەو مەیدانەی کە هێزە سەرکوتکەرەکان دەیانویست. کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کمۆنیستی ئێران، ڕۆژی شازدەی گەلاوێژی وەک ڕۆژی مانگرتنی گشتی لە سەرانسەری کوردستان ڕاگەیاند و بانگەوازەکەی ڕۆژی ١١ی گەلاوێژ بڵاو کرایەوە.

هەڵسووڕاوانی کرێکاری، ژنان و گەنجانی پێشڕەو بۆ ئامادەکاریی مانگرتنەکە دەستبەکار بوون. خەڵکی مەهاباد، سەقز، بۆکان، سنە، شنۆ، پیرانشار، بانە، سەردەشت، ڕەبەط، مەریوان، کامیاران، دیواندەرە و ژمارەیەکی تر لە شار و ناوچە گوندنشینەکان بە مانگرتنەکەوە پەیوەست بوون. لە نەغەدە و ورمێش بەشێک لە خەڵک بەشدارییان کرد. ئەم هاوبەشی هاوڕێیەتییە بەربڵاوە، شازدەی گەلاوێژی کردە ڕۆژێکی مێژوویی.

⬅


Workers of all countries, unite!

# PESHRAW

No: 474- JUNE 2026

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah



سەرکەوتنی مانگرتنەکە، تەنیا بەرهەمی دەرکردنی بانگەوازێک نەبوو، بەڵکوو دەیان ساڵ خەبات و فیداکاریی خەڵکی کوردستان، مانگێک خۆڕاگریی بەردەوامی مەهاباد و شارەکانی تر، و هەروەها چالاکیی تۆڕێک لە هەڵسوڕاوان و پێشڕەوانی کۆمەڵایەتیی لە پشت بوو. دژایەتی و ئاستەنگ دروستکردنی بەرچاوتەنگانەی هەندێک ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانیش نەیتوانی کاریگەریی بکاتەسەر ئیرادەی هاوبەشی جەماوەر.

## مانگرتن، نەریتێکی ڕیشەدار لە کوردستان

شازدەی گەلاوێژ ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی دوور و درێژی مانگرتنە سیاسییەکان لە کوردستان. مانگرتنی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٦١، مانگرتنی ٢٣ی گوڵانی ١٣٨٩، مانگرتنی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ و مانگرتنە سەرانسەرییەکان لە کاتی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»دا، نموونەیەکن لەم نەریتە خەباتکارانەیە.
کاتێک قەتڵی حکومەتیی ژینا ئەمینی، ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەی لە سەقز کردە دەستپێکی ڕاپەڕینێکی مێژوویی، مانگرتنە یەک لەدوای یەکەکانی شارەکانی کوردستان هاوکاربوون بۆ بەردەوامبوونی بزووتنەوەکە. مانگرتنەکان نیشانیان دا کە نارەزایەتی تەنیا لە کۆبوونەوەی سەرشەقامەکاندا کورت نابێتەوە. کۆمەڵگە دەتوانێت بە ڕاگرتنی چالاکییە ئاساییەکانی خۆی، نارەزایەتیی خۆی بە شێوازێکی گشتگیر و ئاشکرا دەربڕێت.
مانگرتنی سیاسیی گشتی پێش هەموو شتێک، دەرچوونی بەکۆمەڵی خەڵکە لەو نەزمەی کە حکومەت بەسەریدا سەپاندوون. حکومەتەکان تەنیا بە پاڵپشتی هێزی سەربازی خۆیان ڕاناگرن، کاری ڕۆژانەی ملیۆنان مرۆڤ، تۆڕەکانی گواستنەوە، پەروەردە، خزمەتگوزاری، بازاڕ و ناوەندە ئابوورییەکان ڕەوڕەوەی کۆمەڵگە بەرەوپێش دەبەن. کاتێک خەڵک بە شێوەیەکی وشیارانە لە درێژەدان بە چالاکیی ئاسایی خۆیان دەبوێرن، هێزێک ئاشکرا دەکەن کە لە ڕۆژانی ئاساییدا کەمتر دەبینرێت.

## بۆچی مانگرتن لە بارودۆخی ئێستادا گرنگە؟

ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی، لە بەرامبەر داواکاریی نان، ئازادی، یەکسانی و کەرامەتی ئینسانیدا، زیاتر لە هەر کاتێکی تر پەنای بردووەتە بەر زیندان، سێدارە، گوللە و کەشوهەوای ئەمنییەتی. هەژاری، بێکاری، هەڵاوسان، هەڵاواردن، سەرکوتی ژنان، ستەمی نەتەوایەتی و نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون، ژیانی ملیۆنان کەسی خستووەتە ژێر گوشارەوە. لە کوردستان، ئەم گوشارە گشتییە هاوکاتە لەگەڵ هەڵاواردنی دامەزراوەیی، میلیتاریزەکردنی ناوچەکە، بێکاریی بەربڵاو و سەرکوتی چەندبەرامبەر.
خەڵک هیچ چارەیەکیان نییە جگە لە خۆڕاگریی، بەڵام خۆڕاگری بە مانای دووبارەکردنەوەی بەردەوامی یەک شێوازی خەبات نییە. حکومەتێکی کە بۆ بڵاوەپێکردنی کۆڕ و کۆبوونەوەکان چەکی گەرم بەکار دەهێنێت، هەوڵ دەدات خەڵک پەلکێش بکاتە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کە تێیدا باڵادەستیی چەکوچۆڵی هەیە. وەڵامی بەرپرسیارانە، بریتییە لە فرەچەشنکردنی شێوازەکانی خەبات و هەڵبژاردنی تاکتیکگەلێک کە ڕێگە بۆ بەشداریی هەرچی زیاتری خەڵک خۆش بکات و ئیمکانی کوشتار کەمتر بکاتەوە.
مانگرتنی سیاسیی گشتی دەتوانێت لە پاڵ چالاکیی پیشەیی، کەمپەینی دادخوازی، خەباتی ژنان، نارەزایەتیی خوێندکاران و هتد دابنرێت. مانگرتن جێگرەوەی هەموو ئەم شێوازانە نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ بەیەکەوە گرێدان و بەهێزکردنیان.
لە ڕۆژی مانگرتندا، هێزە سەرکوتکەرەکان ڕەنگە هێشتا لە شەقامدا حزووریان هەبێت، بەڵام لەگەڵ مەیدانێکی چۆڵ و کۆمەڵگەیەکی سەرپێچیکار بەرەوڕوو دەبنەوە. ئەوان ناتوانن بەئاسانی جەماوەری بەرینی خەڵک لە شوێنە بەرتەسک و سنووردارەکاندا گەمارۆ بدەن و سەرکوتیان بکەن. داخستنی وشیارانەی ناوەندەکانی کار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، توانای حکومەت بۆ ئاسایی نیشاندانی دۆخەکەش لەناو دەبات. بەم مانایە، مانگرتن دەتوانێت ئامێری سەرکوت لە ڕووی سیاسییەوە پەک بخات.

## ئیمکانی بەشداریی بەربڵاوتری خەڵک

یەکێک لە گرنگترین قازانجەکانی مانگرتنی گشتی ئەوەیە کە ڕێگەی بەشداری بۆ ئەو کەسانە دەکاتەوە کە ئیمکانی بەشداریکردنیان لە نارەزایەتییەکانی سەرشەقامدا نییە. بەساڵاچووان، کەسانی نەخۆش یاخود خاوەن پێداویستیی تایبەت، ئەو دایک و باوکانەی کە بەرپرسیارێتیی بەخێوکردنی منداڵیان لەسەرە، ئەو کارمەندانەی لە ژێر گوشاری خاوەنکاردان و هەروەها ئەو کەسانەی لە دەستگیرکردن یان توندوتیژیی سەرشەقام نیگەرانن، دەتوانن لە ڕێگەی مانگرتنەوە هاوپشتیی خۆیان نیشان بدەن.

خۆپیشاندانێکی گەورە ڕەنگە هەزاران کەس کۆ بکاتەوە، بەڵام مانگرتنێکی سەرکەوتوو دەتوانێت ئیمکانی بەشداریی سەدان هەزار یان ملیۆنان کەس فەراهەم بکات. داخرانی بەربڵاوی بازاڕەکان، ڕاوەستانی کار و تەعتیل بوونی زانکۆکان و ناوەندەکانی پەروەردە، دیمەنێک لە ڕێژەی ڕاستەقینەی نارەزایەتیی کۆمەڵگە دەدات بە دەستەوە کە حکومەت ناتوانێت بیبەستێتەوە بە «گرووپێکی کەمی تێکدەر».
مانگرتن، خەڵک نانێرێتەوە بۆ ماڵەوە تا خەبات کۆتایی پێ بێت، بەڵکوو ماڵ، شوێنی کار، قوتابخانە، زانکۆ و بازاڕ دەکاتە مەیدانی سەرپێچی مەدەنی. مانگرتنی سەرکەوتوو نیشانی دەدات کە سنووری خەبات تەنیا شەقام نییە و هێزی خەڵک دەتوانێت لە سەرانسەری کۆمەڵگەدا خۆی نیشان بدات.

## مانگرتن دەبێت بە بەرپرسیارێتییەوە ڕێک بخرێت

مانگرتنی گشتی چارەسەرێکی سێحرئامێز نییە و نابێت بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی ڕاستەقینەی خەڵک بانگەوازی بۆ بکرێت. گوشاری ئابووری لەسەر بنەماڵە کرێکارییەکان، مووچەخۆرانی ڕۆژکار و کاسبکارانی کەمدەرامەت ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. کوردستان ناوچەیەکە کە زۆرتر خزمەتگوزاری و بازرگانییە و ناوەندی پیشەسازیی گەورەی کەمتر تێدایە، بەم پێیە مانگرتنی درێژخایەن و بەردەوام ڕەنگە قورسایی سەرەکی بخاتە سەر شانی هەمان ئەو خەڵکەی کە بەدەست هەژاری و بێکارییەوە دەناڵێنن.
لەم ڕووەوە، بانگەوازی مانگرتن دەبێت لەکاتی خۆیدا بێت، ماوەکەی سنووردار بێ و لە پشتیوانی کۆمەڵایەتی بەهرەمەند بێت. مەودای زەمەنی نێوان مانگرتنەکان، ئامانجی سیاسیی ڕوون، توانای ڕاستەقینەی کۆمەڵگە و دۆخی توێژە زیانلێکەوتووەکان دەبێت لە بەرچاو بگیرێت. خزمەتگوزارییە پێویستەکانی وەک فریاکەوتن، دەرمان و پێداویستییە سەرەکییەکانی خەڵکیش دەبێت بپارێزرێن. هاوپشتی لەگەڵ بنەماڵە کەمدەرامەتەکان و کرێکارانی مانگرتوو، بەشێکی دانەبڕاوە لە بەرپرسیارێتیی بەکۆمەڵی بزووتنەوەکە.
مانگرتن کاتێک سەرکەوتووە کە خەڵک بە هی خۆیانی بزانن، نەک فەرمانێکی کە لە سەرەوە دەربچێت. گفتوگۆ لە ناوەندەکانی کار و ژیان، بەشداریی ڕێکخراوە سەربەخۆکان، متمانەی دوولایەنە و بڕیاردانی بەکۆمەڵ، لە زومرەی بنەما سەرەکییەکانی حەرەکەتێکی لەو شێوەیەن. بانگەوازە پەلەپە و بێپشتیوانەکان دەتوانن متمانەی گشتی لاواز بکەن، لە بەرامبەردا، ئامادەکاری کۆمەڵایەتی و هاوکاریی بەربڵاو، مانگرتن دەکاتە هێزێکی ڕاستەقینە.

## قوتابخانەی یەکێتی و ڕێکخستن

گرنگیی مانگرتن تەنیا لە ڕۆژی بەڕێوەچوونیدا کورت نابێتەوە. پرۆسەی ئامادەکاری، بەڕێوەبردن و هەڵسەنگاندنی مانگرتنێک، تۆڕەکانی هاوپشتی بەرفراوانتر دەکات، ڕێبەرانی کۆمەڵایەتیی نوێ پەروەردە دەکات و ئەزموونی کاری بەکۆمەڵ زیاتر دەکات. هەر مانگرتنێکی سەرکەوتوو بە خەڵک نیشان دەدات کە تەنیا نین و دەتوانن بەسەر ترسدا زاڵ بن.
کاتێک کرێکاران، موعەلیمان، پەرستاران، خانەنشینان، خوێندکاران، ژنان، گەنجان و کاسبکاران حەرەکەتێکی هاوبەشدا بەشداری دەکەن، لەوە تێدەگەن کە کێشەکانیان جیاواز لەیەکتر نییە. حەقدەستی کەم، بێکاری، هەڵاواردنی ڕەگەزی، سەرکوتی سیاسی، ستەمی نەتەوایەتی و نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، دەرکەوتەی جۆراوجۆری یەک پێکهاتەن. مانگرتن دەتوانێت ئەم وشیارییە لە ئاستی تاکەکەسییەوە بەرز بکاتەوە بۆ ناسینێکی بەکۆمەڵ و سیاسی.
حکومەتیش بەمەبەستی تێکدانی یەکگرتوویەکی لەو شێوەیە بێکار دانانیشێت. هەڕەشە، بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و باوەشێنکردنی ئاگری ناکۆکییە نەتەوەیی، ئایینی، نەوەیی و چینایەتییەکان لە زومرەی ئامرازە هەمیشەییەکانی ئەون. وەڵامی بزووتنەوەکە دەبێت بریتی بێت لە بەهێزکردنی متمانە و هاوپشتی، ڕێزگرتن لە فرەچەشنیی کۆمەڵگە و بەستنەوەی داواکارییەکانی کوردستان بە خەباتی خەڵک لە سەرانسەری ئێران. ئازادیی کوردستان لە ئازادیی کرێکاران، ژنان و خەڵکی ناوچەکانی تری ئێران جیا نییە، هەروەک چۆن ئازادبوونی ئێرانیش بەبێ کۆتاییهێنان بە چەوسانەوە و هەڵاواردن لە کوردستان مومکین نابێت.

## شازدەی گەلاوێژ هێشتا زیندووە

وەبیرهێنانەوەی شازدەی گەلاوێژ، نوێکردنەوەی پەیمانە لەگەڵ ئەو هێزەی کە لەو ڕۆژەدا شارەکانی کوردستانی بەیەکەوە بەستەوە. ئەو مانگرتنە سەلماندی کە حکومەت، بە هەموو چەکوچۆڵ و هێزە ئەمنییەکانیشیەوە، لە بەرامبەر جەماوەرێکی وشیار و یەکگرتوودا لاواز و بێدەسەڵاتە.
ئەمڕۆش مانگرتنی سیاسیی گشتی دەتوانێت یەکێک بێت لە کاریگەرترین ئامرازەکانی خەباتی ئاشتییانەی خەڵکی کوردستان و ئێران، ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی ئیمکانی کوشتار، پەرەپێدانی ئاستی بەشداریکردن، زەمینگیرکردنی سیاسیی ئامێری سەرکوت و نیشاندانی هێزی کۆمەڵگە. بەم حاڵەشەوە، سەرکەوتنەکەی بەستراوەتەوە بە ڕێکخستن لە خوارەوە، ڕێبەریی بەرپەرسیارانە، یەکێتیی گشتگیر و لەبەرچاوگرتنی ژیان و ئەمنییەتی خەڵک.
یادی شازدەی گەلاوێژ بەرز و بەڕێز بێت، ڕۆژێکی کە کوردستان ڕاوەستا، یەکیگرت و نیشانی دا کە هێزی ڕاستەقینە نەک لە پەتی سێدارە و تفەنگ، بەڵکوو لە ئیرادەی ڕێکخراوی جەماوەردایە.

********

دواستون

## «زەماوەندی خوێن»

نووسینی: سەلام قادری

لە ئێرانی ئەمڕۆدا ئیتر هاوسەرگیری تەنیا دۆزینەوەی هاوسەر نییە، بەڵکوو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازییە. گەنجێکی ئێرانی ئەگەر بیەوێت هاوسەرگیری بکات پێش لەوەی بهێڵێ ئەو دڵە داماوەی ئاشق بێت، دەبێت ڕووبەڕووی چەند دوژمنێکی بەهێز ببێتەوە: کرێ خانوو، بێکاری، هەڵاوسان، ڕێوڕەسمی زەماوەند بە دەم دڵەڕاوکێی (باوکە ڕۆ قەرا
زاری کردمی بە پەن)وە. ناسەقامگیری ئابووری و ئەو داهاتووەی کە ڕۆژانە لە دوورەوە زەردەخەنەی بۆ دە کات، زەردەخەنەیەک کە هم پیرۆزە پورزا بەڵا، وادەی چەکەکەیشت هاتووە.

دوایین ڕاپۆرتی ناوەندی چاودێری دانیشتوانی ڕێکخراوی تۆماری مەدەنی باس لەوە دەکات کە نزیکەی ١٤ ملیۆن کەس لەو گروپە تەمەنیانەی کە لە کاتی هاوسەرگیریشیان تێپەڕیوە، هێشتا سەڵت و سینگڵن. ٧ ملیۆن و ٣٥٥ هەزار پیاوی سینگڵ لە نێوان تەمەنی ٢٠ بۆ ٥٤ساڵی و نزیکەی ٦ ملیۆن و ٩٣٠ هەزار ژنی سینگڵ لە نێوان تەمەنی١٨ بۆ ٤٩ ساڵیدان.

ئەم ژمارانە ئەوەندە زۆرن کە ئەگەر هەموو ئەم سینگڵانە بڕیاریان دابێت لە ڕۆژێکی دیاریکراودا هاوسەرگیری بکەن، بە دڵنیاییەوە دەبێ داوای یارمەتی لە دایرەی چارەسەر کردنی قەیرانەکان بکرێت بۆ ڕێکخستنی ئەم «زەماوەندی خوێنە».

بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە هاوسەرگیری لە ئێراندا ئیتر تەنیا بڕیارێکی سۆزداری بێ ئابووریی نییە.
ئیستا بووە بە بڕیارێکی ژیئۆ پلۆ، مەلا ترامپیک، دبێ دڵت میقات کەی لەگەل کردنەوە و داخرانی گەرووی هۆرمز، لەگەڵ خوارو ژووی هۆرمۆنەکانی رابەی ئێران کە ئێستا ئیتر دەبێ پێی بڵێی ئایتوڵلا هیچ، چوونکا کەس نازانێ هەیە یان نییە بەڵام بڕیارەکانی ژیان و حەسانەوەو و بگرە زەواجی ئەو خەڵکە بەرو دوا پیدەکات و تەنانەت حەواڵەی ئاسمانی دەکات، ئیتر با دۆناڵد خراپیش بێسێ کە ڕۆژێ دوانزە هەزار جار ئەڵێ شەڕ تەواو بوو و هەر دوای ئەوەیش دەڵێت: «کارێ بە پردو و کارەبای ئەو وڵاتە دەکەم کە با بە دەواری شڕی نەکردبێت».
دەی ئەمە هاتوو ماڵی بووکە نەخشینە و زاوا قەرزینە لەم بەر پردەوە بوو؟ لە وەها بارودۆخێکدا ئاساییە کە "هاوسەرگیری " بووبێتە ئەفسانەی شایی پەرییەکان.

حکومەت بە گەنجەکان دەڵێت هاوسەرگیری بکەن بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتووان زیاد بکات. گەنجەکە دەڵێت باشە تەنها ماڵێکم پێ بدە. حکومەت دەڵێت، "خانوو ئاستەمە، ئێمە قەرزت پێدەدەین." گەنجەکە دەڵێت باشە قەرزەکەم پێ بدە. بانکەکە دەڵێت: "چاوەڕوان بن".
گەنجەکە چاوەڕێ دەکات. نرخی خانووەکە بەرز دەبێتەوە. جارێکی تر داواکاری پێشکەش دەکات. دیسان چاوەڕێ دەکات. لەم نێوەندەدا تەمەنی هاوسەرگیری زیاد دەکات و ڕەنگە ڕۆژێک بێت بانکەکە پەیوەندی بکات و بڵێت «پیرۆزبێت قەرزەکەت ئامادەیە، بێگومان ئەگەر هێشتا پلانت هەیە هاوسەرگیری بکەیت و ئەگەر هێشتا کارەبا بەشی گەڕیانێ ماوەو، ئەگەر هێشتا پردەکەی نێوان ئێوەو باخچەی پاشا نەروخاوە؟
ئەم قسانە بۆ بزە و قاقا و گاڵتەو گەپ نییە. ژمارەی هاوسەرگیری تۆمارکراو لە ساڵی ١٤٠٤دا نزیکەی ٤٣١ هەزار بووە، کە بە بەراورد بە ساڵی پێشوو نزیکەی ٨.٨٪ کەمیکردووە
هەڵبەت ئەگەر ئەو ٤٣١ کەی زەواج بە شوێن ٤٣٣ هەزاری تەڵاقا لە پێنەکەوتبێت.
تێبینی: «زەماوەندی خوێن» ناوی شانۆنامەیەکی نووسەری شۆڕشگێڕی ئیسپانی لۆرکایە.

********